نۆڤلێت

پەپوولە باڵشکاوەکان



ئەحمەد کامەران

SARA CENTER

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: پەپوولە باڵشکاوەکان

نوسینی: ئەحمەد کامەران

بابەت: نۆڤلێت

چاپی یەکەم: 2020

ژمارەی لاپەڕە: 75

ژمارەی وشە: 9,085

چاپ و بڵاوکردنەوە: ناوەندی سارا

ژمارەی سپاردن: (1937)

تێبینی:

ئەم نۆڤڵێتە، تەنیا لەهزری نووسەر خۆیەوە هەڵقوڵاوە...

تەمووزی،2020

(1)

لــــە درەنگــــانی، شــــەوێکی گــــەرمای هــــاوینی ســــاڵی 1996 دا، منــــداڵێکی جــــوانی کــــورد، لەســــەر دەســــتی پــــوورە جەمیلــــەی مامانەوە، بەگریانــــەوە چــــاوەکانی لــــەنێو نیشــــتمانێکی پــــڕ لــــە جــــە نجاڵی و نائــــارامی دەکاتــــەوە. هاوکــــات لەهــــەمان شــــەودا، ئەو منداڵــــە لەســــەر دەســــتی دایکــــی و بــــەبێ بــــوونی بــــاوکی دا، نــــاوی لــــێ دەنرێت(هیوا) ...

هیــــوا لەگــــەلێك دا، چــــاوەکانی بــــەژیان هەڵهێنابوو، کــــە بــــەردەوام ســــــەخترین و ناخۆشــــترین رۆژەکــــــانی ژیانیــــــان بینیوە. ئــــــەو نیشــــتمانەی کــــە هیــــوای بچــــکۆلە تێیــــدا لــــەدایکببوو، بەبــــەردەوامی

گەلەکەی نێو ئەو نیشتمانەدا، هیوایان بە بینینی ڕۆژە خۆشەکانیان دەخواست بۆخۆیان و نەوەکانی پاش خۆیان...

***

بەهۆی سەختی جەنگی ناوخۆوە، لەوساڵەی کە هیوا چاوەکانی بەژیان هەڵهێنا بوو. هەرچەندە جەنگە ناوخۆیەکە دووساڵ پێش لەدایکبوونی هیوا دەستی پێکردبوو، بەڵام ئەوساڵەی هیوا کە لەدایك بوو ، ئیتر بەرەو دەستپێکی کۆتایی هاتنی جەنگە براکوژیەکەی نێوان ئەو دووهێزە سیاسیە کوردیەدا لەئارادابوو، چوونکە جەنگێك بوو، هیچ کاتێك گەلی کوردی باشوور بە خەیاڵی نەهاتبوو، تاوەکو دەهات جەنگەگەش ڕۆژ بەدوای ڕۆژ ، قووڵتر دەبوو، لەهەمانکاتیشدا ماڵوێرانییەکی ئێجگار گەورەی بەدوا یخۆیدا هێنا.

هاوکات، ئەو جەنگە ناوخۆیەش لەنێوان ئەو دوو هێزە سیاسیە کوردیە گەورەیەدا بوو کە ساڵانێك ببوونە تارماییەك بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس. بەڵام هەرزوو ساڵان تێپەڕی بۆ ئەم دوو هێزە کوردیە، کە توانیان لە پارچە داگیرکراوەکەی خۆیان، لە پاش ڕا پەرینی خەڵکی باشووری کوردستان دا، دەسەڵات بگرنە دەست و خۆیان حوکمڕانی گەلەکەی خۆیان دا بکەن، بەڵام کەچی هەرزوو لە پاش سێ ساڵ لەحوکمڕانیکردنی گەلەکەی خۆیان، کەچی ئە مجارەیان بوونە

تارماییــەك بــۆ گیــانی خۆیــان، کــە تێیــدا لوولــەی تفەنگــەکانیان ئاراستەی یەکتری دەکرد...

***

سەرباری هەموو ئەم رووداوانە،کەچی بەهۆی ئەو جەنگە ناوخۆیەوە،بەدەیان رۆڵەی نێو نیشتمانەکەی هیوا، بوونە قوربانی گولەی دەستی یەکتردا،کەئەمەش ئازارێکی گەورە بوو بۆ گەلی کوردی باشوور،کەتێیدا بەدەیان دایکی جەرگ سووتاو کرد.لەگەڵ ئەوەشدا بەهەزاران منداڵی بێ باوك کران...

***

نیشــتمانەکەی هیــوا بەســەر چــوار پارچــە دابەشــکرابوو، بــەڵام دووهێــزە سیاســیە کوردیەکــەی نــاو پارچــە نیشــتمانەکەی هیــوا کــە بــە باشــووری کوردســتان ناســرابوو ، بۆمــاوەی چــەندین ســاڵ کردیــان بــە دووبەشــەوە،واتە لــەنێو پارچــەیەکی بچــووکی نیشــتمانەکەی هیــوا ، دوو حکومــەت هاتــە ئــاراوە .کــە ئەمــەش وایــان کــرد ژیــان و بــارودۆخی خــەڵکی باشــووری کوردســتانی بەشمــەیت ســەختر ببێتەوە،بــەهۆی ململانێیــەکانی ئــەو دوو هێــزە کوردیەوە...

هیوا کوڕە کوردێکی خەڵکی شاری سلێمانیە، دانیشتووی گەڕەکی مەڵکەندیە. بەڵام دایکی هیوا لە بنەڕەتەوە خەڵکی شارۆچکەی خانەقینە، بەهۆی دەسپێکردنی شە پۆلێکی فراوانی راگواستنەوە لەلایەن رژێمی بەعسەوە لەسەردەمانی پێشوودا، ئیتر بەشێکی خێزانەکەی دایکی هیوا بەرەو شارەکانی تری کوردستان کۆچ دەکەن، هەروەها بەشێکی تریشیان خۆیان لە بەغداد و ئێران بینیەوە، ئیتر بۆ دواجاریش دایکی هیواش خۆی لەناو شاری سلێمانی بینییەوە، کە لەیەکێك لە دامودەزگاکانی ئەوشارە وەکو فەرمانبەر دەستبەکاربوو.

باوکی هیواش ناوی شەماڵ بوو، بەڵام ناسرابوو بە شاماڵە رەش کە پیاوێکی چوارشانەی سمێڵ زلی گەورەبوو. شەماڵە رەش لەبنەڕەتەوە خەڵکی شاری سلێمانیە، کە لەهەمان ئەو فەرمانگەیە کاری دەکرد کە دایکی هیوای لێی بوو، بەڵام شەماڵە رەش لەو فەرمانگایە نامێنێتەوە، راستەوخۆ خۆیی و بەشێك لە هاوڕێکانی خۆیان دەگەیننە نێو چیاکانی کوردستان، ئەمەش لە پێناو رزگارکردنی نیشتمانەکەی لە دەستی داگیرکەرانی رژێمی بەعس دا...

***

سەرجەم دەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتی بەعس، هەرکاتێك گوێیان لەناوی شەماڵە رەش بوایە، دەستبەجێ ئیستخبارات

خۆیان دەخستنە ئامادەباشی بۆ گرتنی شەماڵە رەش و هاورێکانی، ئەمەش بەهۆی ئەو ئازایتییەی کە شەماڵە رەش و هاورێکانی هەیان بوو. ئەگەرچی رۆژێکیان لەلایەن سەرۆك سەدام حوسێنەوە، راگەینراوێکی بڵاوکرایەوە کە تیایدا ئاماژەی بەوەدابوو، هەرکەسێك شەماڵەرەش بۆی بە زیندویی یان مردوویی بهێنێتە پێشی ، ئەوە ئەو کەسە گەورەترین خەڵات دەکرێت لەلایەن سەرۆکەوە. هەرچەندە لە پاش ئەو راگەینراوەی سەرۆك دا، شەوێکیان هێزێکی شەماڵە رەش لەشاخەوە بەرەو ناو شار دابەزییوون ، کە دابەزینەکەیان سەبارەت بەهەندێك رێکخستنی تایبەتەوە بوو ،کە دەبوایە لەنێو شاردا ئە نجامی بدەن،کە هاوکات لەگەڵ برادەرانی رێکخستنی نێو شاردا. کۆبوونەوەکەی ئەوشەوە ، لەماڵی عەدنانە چاوشین ئە نجام درا، کە عەدنانی چاوشین بەرێکخستنێکی بەتوانا ناسرابوو لەلایەن سەرکردایەتی شاخەوە. ئیتر ئەو شەوە پیشمەرگەیەکی زۆری شەماڵە رەش لەماڵی عەدنانە چاوشین کۆببونەوە، کەچی هەرزوو ئیستخباراتی بەعس ئەوشەوە ،زۆر بەتووندی بۆنی شەماڵە رەشیان کردبوو لەناو سلێمانی دا، هەربۆیە راستەوخۆ پاش نیوکاتژمێر هێزێکی زۆری بەعس هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکەی عەدنانە چاوشین ، لە پاشان دەنگی تەقەیەکی زۆر بەناو گەرەك بڵاودەکرایەوە ،کە خۆشبەختانە هێزەکەی شەماڵە

ڕەش توانیـــان بەتوونـــدی بـــەرگری لـــەخۆیان بکـــەن و چـــۆك بـــۆ دووژمنـــــان دانەنێن، لەهەمانکاتیشـــــدا بەتوونـــــدی پەرپەچـــــی هێزەکانی بەعسیان دایەوە.

ئـــەو شـــەوە شـــەماڵە ڕەش چـــۆکی نـــەداو تـــوانی لـــەوێ ڕزگـــاری بێـــت و دووبـــارە خـــۆیی و هاوڕێکـــانی بـــەرەو شـــاخ هەڵبێتـــەوە، بـــەڵام تـــەنها ئـــەو شـــەوە عەدنانـــە چاوشـــین و خێزانەکـــەی نـــەیان تـــوانی و ڕابکـــەن و ســـەرەنجام کەوتنـــە ژێـــر دەســـتی ئیســـتخباراتی بەعسەوە ، کەتێیدا بەتوونترین شێواز ئەشکە نجە دەدران...

***

شـــەماڵە ڕەش، بـــە پێشـــمەرگە و ڕێکخســـتنێکی بـــەتواناو ئـــازا ناســـرابوو لـــە نێـــو شـــاخ و شـــاردا . کـــە ئـــەویش ئـــەو ڕۆژانـــە بـــوو ، کەتێیـــدا گەلەکـــەی گـــیرۆدەی دەســـەڵاتێکی دیکتـــاتۆر ببـــوو، کـــە ئـــەو دەســـەلاتەش نـــاوی لـــەخۆی نـــابوو ڕژێمـــی بـــەعس، کـــە هـــەموو خـــەڵکی بەســـەرجەم پێکهاتـــەکان و نەتەوکانـــەوە هێنـــابووە لـــەرزین. بـــەڵام کوردەکـــان قارەمـــان بـــوون و هـــیچ کاتێـــك چـــۆکیان بـــۆ ئـــەو دەســـەڵاتە نـــەداو بـــەڵکو بـــەردەوام زەبـــری کووشـــندەیان لـــە هێزی بەعسدەدا.

***

جـــەمالی بیکەســـی، کەبـــە بـــرا گـــەورەی شـــەماڵە رەش ناســـرابوو، بـــەڵام جـــەمالی بیکەســـی لەســـاڵانی رابـــردوو ، لەســـەردەمی ئەوکاتـــەی حـــوکمڕانی ئەحمـــەد حەســـەن بـــەکردا، واتـــە پـــێش هاتنـــە ســـەر دەســـەڵاتی ســـەدام حوســـێن دا ، ئێوارەیـــەك بـــوو کـــە دەنگـــۆی کـــوژرانی جـــەمالی بیکەیســـی و هەڤاڵـــەکانی بڵاوکرایـــەوە. کـــەهاوکات کوشـــتنەکەیان لـــە نێـــو ئەمنـــە ســـوورەکەی ســـلێمانی بـــوو، لەگـــەڵ کۆمـــەڵێك هـــاوڕێی تێکۆشـــەری خـــۆی دا، تێیـــدا دەســـترێژی گولـــە دەکـــرێن و ســـەرەنجام دەچـــنە ریـــزی کـــاروانی نەمری شەهیدانەوە.

ئەمنـــە ســـوورەکەی ســـلێمانی، زینـــدانێکی تـــاریکی نێـــو نیشـــتمانەکەی هیـــوا بوو، کـــە بـــەدەیان پەپوولـــە لـــەنێو ئـــەو زیندانەدا باڵەکانیان شکێنرا بوون بەدەستی داگیرکەرانەوە.

***

خێزانەکـــەی شـــەماڵە رەش ســـەرجەمیان خـــەباتگێڕو شۆڕشـــگێڕێکی بـــەتوانا بـــوون لـــە پێنـــاو ســـەربەخۆیی گەلەکـــەیان دا. بەتاییـــەتیش بـــاوکی شـــەماڵە رەش و لەگـــەڵ بـــا پیری دا ، کـــە یـــەکێك بـــوون لـــە پیاوە تێکۆشـــەرەکانی گـــەلی کـــورد، کـــە لەســـەردەمی، کۆماری مەهاباتـــەوە، دەســـتیان دابـــووە شـــۆڕش و خـــەباتکردن لـــە پێناو ئـــازادکردنی گەلەکـــەیان لـــە ژێـــر دەســـتی داگیرکـــەران دا. بـــەڵام هـــەرزوو دووژمنـــان زەفـــەریان پـــێ دەبـــەن و

سەرەنجام لەگەڵ (قازی مەحەمەد) و کۆمەڵێك خەباتگێڕی دیکەدا کە لەنێویان دا باپیر و باوکی شەماڵە رەشیش تێدابوو، ئیتر بۆدواجار هەموویان لە گۆڕەپانی چوارچرا ،بەدەستی داگیرکەرانەوە لە پەتی سێدارە دەکرێن. لە پاشان ئیتر ئەم خەباتە ،بۆ شەماڵ و جەمال بەجێ دەهێڵنەوە ، کە بڕیار دەدەن لەسەر هەمان رێچکەی باوك و باپیریان بڕۆن، درێژە بەخەباتیان بدەن، هەربۆیە سەرەنجام ئەم دووبرایە پەیوەندی بەشۆڕشەکانی باشووری کوردستانەوە دەکەن، لە پێناو ئازادکردنی گەلەکەیان...

***

هیوا دەبێت بە سێیەم منداڵی ناو خێزانەکەیان، هەروەها تاقانەی دوو خووشکەکەی خۆی بوو بەناوەکانی (تارا و نەرمین). بەڵام خووشکە گەورەکەی هیوا کە ناوی تارا بوو، لە کاتی روودانی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی ساڵی (1991) دا، ئیتر لەوکاتەوە لە خێزانەکەی جیادەبێتەوەو چیتر هیچ هەواڵێکی نامێنێت. ئەگەرچی بە لەدایك بوونی هیوا بوو بە پێنج ساڵی رەبەقە کە تارا هیچ هەواڵ و دەنگوباسێکی نیە،کە ئەمەش ئیتر لەوکاتەوە ئارامی و خۆشی لەنێو خێزانەکەی هیوا نەهێشتبوو.

***

لــــەكاتی كۆڕەوەكـــەدا، تـــارا ئەوكاتـــە تەمـــەنی تـــەنها (دە ســـاڵان) بـــوو كـــە لەخێزانەكـــەی جیادەبێتـــەوە ، ئەمـــەش بـــەهۆی ئـــەو سەرلێشـــێواویەی خـــەڵكی بـــەناكاو بەســـەریان دا هـــات، كـــە دووبـــارە رژێمـــە دیكتاتۆرەكـــەی بـــەعس، لـــەناكاو بـــە شـــێوازێكی كتـــوپڕەوە بۆجـــارێكی دیكـــە پـــەلاماری ناوچـــەكانی كوردســـتان و خـــەڵكی كـــوردی خێـــر لـــەخۆ نـــەدیوی دایـــەوە. كـــە ئەمـــەش وای لـــە خـــەڵكی كـــرد مـــاڵ و حـــاڵی خۆیـــان بـــەجێ بهـــێڵن و پـــەنا بەرنـــە بـــەر ســـنورەكانی ئێـــران و توركیـــا. ئـــیتر لەوكاتـــەوە تـــاراش لـــەنێو ئـــەو سەرلێشـــێواویەدا لـــــە خێزانەكـــەی ون دەبێـــت، ئـــەو كـــۆڕەوە ملیۆنیـــەی كەبەســـەر گـــەلی كـــوردی پارچـــەی باشـــووری كوردســـتان دا هـــات، بـــە تۆڵەیـــەكی رژێمـــی بـــەعس و ســـەدام حســـێن دانرا ،ئەمـــەش لـــە پاش ئـــەوەی كـــە خـــەڵكی باشـــووری كوردســـتان ، لـــە ســـەرەتای مـــانگی ئـــازاری (1991) دەســـتیان دایـــە را پـــەرین و دەركردنـــی بـــەعس لەســـەرجەم ناوچـــە كوردیـــەكان و بـــە كەركوكیشـــەوە، بـــەڵام هـــەرزوو بـــەعس وەكـــو تۆڵەیـــەكی تـــر لەبەرامبـــەر بەگـــەلی كـــوردا ،هاوشـــانی جینۆســـاید و ئەنفالەكردنـــەكانی لەبەرامبـــەر بـــەكورد. بـــەڵام ئـــە مجارەیان لـــە كۆتـــایی مـــانگی ئـــازارو ســـەرەتای مـــانگی نیســـانی هـــەمان ئـــەو ساڵەدا، كـــۆڕەوێكی ملیـــۆنی گـــەلی كـــورد دەســـتی پێكـــرد، كـــە تێیـــدا بەهـــەزاران كـــەس بوونـــە قوربـــانی لەســـەر ســـنوورەكانی ئێـــران و توركیادا ،بەتاییـــەتیش سەرســـنورەكانی توركیـــا ، چـــوونكە توركیـــا

سـەرەتا ئامـادە نـەبوو، دەرگای خـۆی بـەڕووی كـوردا بكاتەوە، بۆیـە سـەرە نجام بەشـێكیان لـەو دەشـت و دەرەدا بـەبێ نـازی گیانیـان لەدەسـت دا، كـە لەنێویانیشـدا تـارا كچـە قوربانیەكی ئەو كۆڕەوە بوو...

(2)

ئـەو كاتـەی هیـوا لـەنێو سكی دایكـی دایـە ، پـێش ئـەوەی لەسـەر دەسـتی پـوورە جەمیلـەی مامانـەوە بێتـە سـەر ئـەم ژیانـەدا... كەچـی دایكـی هـەرزوو بڕیـاردەدات كـە ئـەو كۆرپەلەیـەی نـاو سـكی لـەبار ببـات و نەیهێنێتـە ئـەم ژیانـەوە، ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی دایكـی هیـوا گوێبیسـتی هـەواڵی كـوژرانی شـەماڵە رەشـی هاوسـەری دەبێتـەوە . كـوژرانی شـەماڵە رەش، لەئـە نجامی ئـەو جەنگـە ناوخۆیـەی گەلەكـەی بـوو كـە لـەنێوان ئـەو دووهێـزە سیاسـیە كوردیـەوە هەڵگیرسـا بـوو .كەسـاڵانێك لەشـاخ و لەشـاردا سـەرقاڵی خـەباتی چـەكداری و رێكخسـتن بـوون لـە دژی رژێمـی بـەعس دا. بـەڵام هـەرزوو لـە پاش را پـەرین و ئـازادكردنی ناوچـە

کوردیەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێمی بەعس و کەوتنە ژێر دەستی دەسەڵاتدارانی کوردو بەتایبەتیش ئەو دووهێزە سیاسیە کوردیە گەورەیە. ئیتر بۆ دواجار توانیان نیمچە سەربەخۆییەك بۆخۆیان دا بمەزرێنن لە باشووری کوردستان، کە ئەمەش گەلی کوردی باشووری کوردستان دڵی بەو نیمچە سەربەخۆیەی خۆش بوو، چوونکە توانیان لە پاش زیاتر لەچەندین ساڵ لە قوربانی و ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدکردن و لەگەڵ چەندین ئازاری دیکە کە بەرۆکی گەلی کوردی گرتبوو. بۆ دواجار ئیتر ئەم گەلە چەوساوەیە، توانی بۆخۆی نیمچە رۆشناییەك بەروویدا بکرێتەوە لەباشووری کوردستان، ئەوکاتەش شەماڵە رەشیش زەردەخەنەیەك بەسەر رووخسارەکانی دا دەگەشێتەوە ،کە توانیویان لە پاش هەموو ئەو خەباتەیان لە پێناو گەلەکەیان دا، سەرەنجام توانیان نیمچە بەرهەمێکیان بەدەست هێنا، بەڵام تەمەنی ئەم نیمچە رۆشناییەی گەلی کوردی باشوور زۆر کورت بوو، چوونکە هەرزوو دووبارە تاریکاییەکی دیکە باڵیان بەسەر داکێشایەوە، بەڵام ئەمجارەیان تاریکایەکە رژێمی داگیرکەران نەبوون ، بەڵکو لەنێوان دوو هێزی ناوخۆیی کوردیەوە بوو ، کە ساڵانێکی دوورو درێژ خۆیان بە پاڵەوانی گۆڕەپانی خەباتی چەکداری و رێکخستنەکان دادەنا لەنێو شارو شاخ دا... بەڵام بەچاوتروکانێك دا لە سەرەتای مانگی ئایاری (1994)وە،

پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو هێزە لەناخۆی خۆیاندا تێکدەچێت و سەرەنجام لەجیاتی ئەوەی لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی دووژمنان بکەن ، کەچی ئاراستەی یەکتریان دەکرد . ئیتر دەرئە نجامەکەی شەڕێکی ناوخۆی توونـدی لێ کەوتەوە، کە تێیدا بە هەزاران رۆڵەی کوردی نێو نیشتمانەکەی هیوا بوونە قوربانی دەستی یەکتر.

***

ئەگەرچی دایکی هیوا لەلایەکەوە هێشتا برینەکانی ونبوونی کچە گەورەکەی سارێژ نەبۆتەوە، کەچی لەلایەکی ترەوە لە ئێوارەیەکی کەش و ماتی گەرمەدا لەساڵی 1996 دا ، هەواڵی کوژرانی شەماڵە رەشی هاوسەری پێ دەگەینن. ئیتر پاش مردنی شەماڵە رەش دەنگ و باسی مردنەکەی ، چەندین قسەو مقۆ مقۆی بەدوای خۆیدا بڵاوکرایەوە. کە هەرکەسێك لە گەرەك و لەم لاو لەملا بەشێوەیکی جیاواز باسی کوژرانی شەماڵ رەشیان دەکرد. هەندێك مقۆ مقۆ بڵاوکرایەوە کە گوایە شەماڵ رەش دەستی خۆی لەگەڵ دووژمنەکانی گەلەکەی تێکەڵ کردبوو،کە سەرجەم نهێنییەکانی شاخی بە ئەمن و ئیستخباراتی بەعس داوە لەکاتی خۆی دا. ئیتر چەندین چیرۆك و مقۆ مقۆی تریان بۆی هەڵبەستبوو، بەڵام خێزانەکەی شەماڵە رەش هیچ باوەڕی بەم قسە هەڵبەستراوانە نەدەکرد کە بۆ هاوسەرەکەی دروستیان

کردبـــوو، چـــوونکە ئـــەو شـــامالّەکەی خـــۆی بـــاش دەناســـی کـــە چـــەندە کەســـێکی پـــاك و نیشـــتمان پـــەروەر بـــووە بـــۆ خاکەکـــەی خـــۆی، هـــیچ کـــــاتێکیش شـــــتێکی لـــــەم جـــــۆرە بـــــەناو مێشـــــکی شـــــەماڵە رەش و خێزانەکـــەی دا نـــەهاتبوو، کـــە خەیانـــەت لـــە نیشـــتمان و گەلەکـــەی خۆیانـــــدا بکـــــەن. بـــــەڵکو هـــــەموو خێزانەکـــــەی شـــــەماڵ لـــــە پێناو ئـــــازادی و ســـــەربەخۆیی گەلەکـــــەیان گیـــــانی خۆیـــــان بـــــەختکردبوو، بـــەڵام لەهـــەموو ســـەردەمانێك و لەهـــەر شۆڕشـــێك دا کەســـانی ئـــازاو راســـــتگۆ بـــــەردەوام دووژمنگـــــەلێکی زۆری بـــــۆ پەیـــــدا دەبێـــــت ، کـــــە تێیـــدا دووژمـــن چـــاوەڕوانی هـــەلێك دەکـــات بـــۆی بێتـــە پێشـــەوە کـــە ئـــــەو کەســـــە قارەمانـــــە لـــــەناو ببـــــات و یـــــان ناوبـــــانگی و قەرەمانیەتیەکـــــەی لـــــە پێش چـــــاوی خـــــەڵکی ناشـــــرین بکـــــات. خۆشـــبەختانە نـــاوی شـــەماڵە رەش ناشـــرین نـــەبوو بـــەڵکو کرایـــە سیمبوڵی قارەمانی گەلێکی چەوساوە .

(3)

ئەوکاتـــە پەشـــیمان دەبێتـــەوە بـــۆ لـــە بـــاربردنی ئـــەو منداڵـــەی ناوســـــکی خـــــۆی ، کاتێـــــک دەڕواتـــــە ژووری کتێبخانـــــەی هاوســـەرەکەیەوە، راســـتەوخۆ بـــە چـــوونە نـــاو ژوورە تایبەتەکـــەی شـــەماڵی هاوســـەری ،زۆر هەســـتی بـــە ئـــارامی دەکـــردو وا هەســـتی دەکـــرد کـــە شـــەماڵەکەی زینـــدووە ، بەتایبـــەتی کاتێـــک لەســـەر مێـــز و کورســـیە تایبەتەکـــەی شـــەماڵ دادەنیشـــێت، هـــەرزوو بـــۆنی نووســـینەکانی شـــەماڵە رەشـــی هاوســـەری بـــەناو لووتـــەکانی دا دەڕوات، بـــەڵام کاتێـــک چـــاوی دەکەوێتـــە ســـەر کاغـــەزێکی داخـــراو، لەگـــەڵ گـــوڵێکی ســـووری جـــوان لەســـەر کاغەزەکـــەی دانـــراوە، هـــەرزوو کاغەزەکـــە دەکاتـــەوەو دەســـت بەخوێندنـــەوەی نامـــەی نـــاو کاغەزەکـــە دەکـــات ، کەلـــەلا یـــەن شـــەماڵە رەشـــی هاوســـەریەوە بـــۆی نووسراوە .

دەقی نامەکەی شەماڵە رەش بۆ هاوسەرەکەی:

ســـەرەتا ســـڵاوت لـــێ بێـــت ئـــەی جـــوانترین هاوســـەری مـــن، ئـــەی جـــوانترین دایکـــی جیهـــان ، گیانەکـــەی مـــن ئـــەی هـــەموو کەســـەکەم

، ئـــەی پشـــت و پەناکـــەی مـــن ، ئـــەی جـــوانترین دایکـــی تـــارا و نەرمین ...

ئـــەم نامەیـــەت بـــۆ دەنووســـم و لەســـەر مێزەکـــەم بـــۆتی بـــەجێ دەهـــێڵم بـــۆ رۆژی خـــۆی، رەنگـــە مـــن رۆژێـــك بێـــت ماڵئـــاوایی لـــە هـــەمووتـان بکـــەم، بەتـایبـــەتی لـــە ئێســـتادا کـــە دۆخـــی نـــاوخۆی، نێـــوان دوو هێـــزە کوردیەکـــەمان بـــاش نیـــە ، بـــۆنی خـــوێنێکی مەترســـیدار دەکـــەم لـــــــەنێوان هەردوولا ، بۆیـــــــە رەنگـــــــە مـــــــن و هـــــــەزارانی دیکە ، لەهەرچرکەســـاتێکدا ببینـــە قوربـــانی لـــەنێوان ململانێکـــانی ئـــەو دووهێزەدا ، بەڕاســـتی هـــیچ کاتێـــك جـــەنگێکی نـــاوخۆیی بـــەم شـــێوەیە بـــەناو مێشـــکی مـــن دا نەهاتبوو، کەلـــەنێوان خۆمـــان دا بـــەرپای بکـــەین ، چـــوونکە تـــەنیا زیـــان بـــەخۆمان دەگـــەینین و هیچی دیکە.

بـــەڵام گیانەکـــەم تکایـــە ، ئەگـــەر رۆژێکیـــان هـــاتوو ئێمـــە بووینـــە خـــاوەنی منـــداڵێکی کـــوڕ ، بـــا هـــەرزوو نـــاوی لـــێ بنـــێین (هیـــوا)، چـــوونکە مـــن ئەوکاتـــەی چـــەکم کـــردە سەرشـــان و بەرەوچـــیا ســـەختەکان رۆیشـــتم ، تـــەنها بـــەو هیوایـــەوە رۆیشـــتم، کـــە بتـــوانم ئـــازادی و ســـەربەخۆیی بەدەســـتبهێنم بـــۆ گەلـــە چەوســـاوەکەی خـــۆم، جگـــە لـــەوەش مـــن زۆر لەچـــاوەڕوانی هـــەواڵی کچـــە گەورەکـــەمم کـــە دووبـــارە پێمـــان شـــادبێتەوە (تـــارا) گیـــان. بـــەڵام گیانەکـــەم ئەگـــەر رۆژێـــك هـــاتوو نـــەمتوانی، جـــارێکی تـــر بەدیـــداری کچـــە گەورەکـــەم

شـــادببمەوەو ،یـــاخود ئەگـــەر نـــەمتوانی لـــەدایکبوونی کوڕەکـــەم ببینم ،ئەوا پێیان بڵێ ،کەباوکتان ئێوەی زۆر خۆشەوێت...

شەماڵە رەش، ئایاری (1994)

***

نامەکـــەی شـــەماڵە رەش ، بـــۆ هاوســـەرەکەی پـــێش دوو ســـاڵ بـــۆی نووســـیبووی کـــە لەســـەر مێـــزی کتێبخانەکـــەی لـــە تەنیشـــت دەفتـــەرو قەلەمەکەیـــەوە بـــۆی بەجێهێشتبوو، چـــوونکە لەوکاتـــەوە ئـــیتر ناوبـــەناوە ئـــاڵۆزی و دەنگـــی گولـــە لـــەنێوان دوو هێـــزە کوردیەکـــە دەســـتی پێکردبـــوو ، لە پاشـــانیش هـــەرزوو ئاگەربەســـتێکی کاتیـــان دەبەســـت بـــۆ راگـــرتنی جـــەنگ. بـــەڵام پـــاش ئاگربەســـتە کاتیەکـــەی نێوانیـــان، جـــارێکی دیکـــە جـــەنگ ئـــاڵۆزی دەســـتی پێکردەوە،تاوەکو کۆتایی ساڵانی 1996...

***

لەنامەکـــەدا شـــەماڵە رەش داوای رۆژێکـــی لـــەو جـــۆرەی کردبـــوو کـــە منـــداڵێکی کوڕیـــان هـــەبێت و نـــاوی لـــێ بنێن(هیـــوا) ، هەربۆیـــە ئـــیتر ئەوکاتـــە دایکـــی هیـــوا لـــە پاش خوێندنـــەوەی نامەکـــەی هاوســـەری، راســـتەوخۆ بەگریانـــەوە دەیخاتـــە ســـەر ســـینگی خـــۆی. دەســـتبەجێ ئـــیتر پەشـــیمان دەبێتـــەوە بـــۆ لـــە بـــاربردنی ئـــەو منداڵـــەی نـــاو سـکی

کــە ئــەویش هیــوا بــوو، بۆدواجــار لەســەر دەســتی پــوورە جەمیلــەی مامانـــەوە کوڕێـــك بـــەناوی هیـــواوە لەگـــەرمای هـــاوینی ســـاڵی (1996) هێنرایـــە ژیـــان. ئەوکاتـــەی کـــە هیـــوا چـــاوە جوانـــەکانی بـــەژیان کـــردەوە ،کەچـــی بـــاوکی هەفتەیـــەك پـــێش لـــەدایکبوونی کوڕەکـــەی لـــە بۆســـەیەکی تـــەم و مژاویـــدا، کۆتـــایی بـــەژیانی خۆیی، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی نزیکی هات.

ئەگەرچـــی هـــیچ کاتێـــك بـــەعس نـــەیتوانی شـــەماڵ و هاوڕێکـــانی لـــەناو ببات، بـــەڵام بەدەســـتی نـــاوخۆدا زۆر بەئاســـانی کۆتـــایی بەژیانی هات...

(4)

بـــاوکی هیـــوا جگـــە لـــەوەی کـــە پیـــاوێکی پێشـــمەرگەو شۆڕشـــگێر بـــوو، لەهەمانکاتیشـــدا خوێنـــەر و شـــاعیرێکی بەســـەلیقە بـــوو، کـــە لەتەمـــەنی گەنجێتیـــەوە خولیـــای بـــۆ خوێندنـــەوە و نووســـینی شـــعر پەیـــدادەبێت، ئەمـــەش لـــە پاڵ پێشـــمەرگایەتیەکەیدا. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا شـــەماڵە رەش زۆر کاریگـــەر دەبێـــت بـــە شـــعرەکانی شـــێرکۆ بێکـــەس و نـــالی و مـــەحوی. هەربۆیـــە بـــەهۆی ئـــەو کاریگـــەر

بوونەیەوە بۆ ئەو شاعیرانەی کورد راستەوخۆ دەست بۆ نووسینی شعری سیاسی و دڵداری دەبات. بەتایبەتیش خۆی بۆ شعری سیاسی تەرخانکردبوو لەو سەردەمەدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سەردەمی شەماڵە رەش سەردەمی شۆڕش و خەباتکردن بوو لە پێناو ئازادکردنی گەلەکەی دا، ئیتر هەرئەمەش وای لێکردبوو زیاتر شعری سیاسی بنووسێت وبڵاویان بکاتەوە. کە تێیدا سەرجەم ئازارەکانی گەلەکەی لە رێگای شعرەکانیەوە دەگەیاندە بەر گوێی داگیرکەرانی ئەوکاتەی رژێمی بەعس دا، هەرئەمەش وای لە بەعس کردبوو کە بە زیندوویی یان بە مردوویی شەماڵە رەش بکەوێتە ژێر دەستیان ،چوونکە وەکو تارماییەك وابوو بۆ سەرکردایەتی بەعس.

شەماڵە رەش پیاوێك بوو خاوەن بیرێکی ئازادیخوازانە بوو بۆ نیشتمانەکەی، لەهەمانکاتیشدا زۆر ئاشنایەتی لەگەڵ کتێبە فەلسەفیەکان و فەیلەسووفەکانی جیهان هەبوو، کە زۆر پێیان سەرسام بوو، لەنێویشیاندا زۆر سەرسام و کاریگەر بوو بە کارل مارکسی فەیلەسووف و لەگەڵ نیچە، هەروەها ناوبەناو لە رۆژنامەکانی ئەوکات کە دەردەچوون، تێیدا دەقە شعریەکانی تێدا بڵاودەکرایەوە ، کە توانی ببێتە جێگای دڵخۆشی خوێنەرانی...

(5)

هیــوا کاتێــك تەمــەنی دەبێــت بــە شــەش ساڵان،ســەرباری ئــەوەی منـــداڵێکی بـــێ باوکـــە و شـــەوان بـــەدەم خـــەوەوە بەبـــەردەوامی دەڵێــت: بابــە گیــان ، بابــە گیــان ، بــەڵام بابــە گیــان دەمێــك دەبێــت بــە گولەیــەکی ســارد کۆتــایی بــەژیانی هــاتووە. کەچــی لەلایــەکی دیکـــەوە نـــەرمینی خووشـــکی بـــەهۆی دەرکـــەوتنی پەڵەیەکـــەوە لەســـەر دڵـــی ، ئـــیتر بـــۆ دواجـــاریش ئـــەو پەڵەیـــەی ســـەر دڵـــی خووشــکی، دەبێتــە هــۆی ماڵئــاوایی کــردن لــە خێــزان و نیشــتمانە تاریکەکـــەی .ئەوکاتـــەی نـــەرمین ماڵئـــاوایی دەکـــات،دایکی هیـــوا تــەنها لــە شــیوەن و گریــان زیــاتر هیچــی تــری لەدەســت نــەدەهات کــە پــەنای بــۆ ببات،چــوونکە ئــەو تەمــەنێکی خــۆی بــەردەوام ، بــە شـــیوەن گریـــان بـــۆ تـــارای کچـــی و شـــەماڵە رەشـــی هاوســـەری بەڕێکردوە،کەچـــی ئێســـتاش دووبـــارە بـــۆ نـــەرمینی کچـــە بچـــووکی دەست بەشیوەن گریان باوکە رۆیەتی.

نیشـــتمانەکەی هیـــوا، پڕیـــەتی لەهـــەزاران دایـــك و ئـــافرەتی جـــەرگ ســـووتاو کـــە بـــەردەوام شـــین و رۆ... رۆ یـــەتیان بـــۆ رۆڵەکانیان و هاوسەرەکانیان...

***

هیــــوا ئەوكاتـــــە تەمــــەنی زۆر بچـــووكە تـــەنها شـــەش ساڵە، كەچـــی لەلایـــــەك بـــــاوكی نـــــەماوە ،هـــــەروەها چارەنووســـــی خووشـــــكە گەورەكەیشـــــی نادیارە، لەســـــــەرووی ئەمانــــــەوە خووشـــــكەكەی تریشـــی كۆچـــی دوایـــی كـــرد بـــۆ هـــەتا هەتایە. بـــەڵام هێشـــتاكە هیـــوا لـــەنێو بـــەهاری تەمـــەنی منـــداڵی خـــۆی دایـــە، هەربۆیـــە ناتوانێـــت بەشـــێوەیەكی فـــراوان فـــامی رووداوەكـــانی دەورووبـــەری خـــۆی بەتەواوەتی بكات...

***

ئەگەرچـــی دایكـــی هیـــوا ئـــافرەتێكی جـــوان و گـــەنج بـــوو ، كـــە هێشـــتا توانایـــــەكی بـــــەهێزی جەســـــتەیی بەخۆیـــــەوە مـــــابوو ،بـــــۆ درووســـــكردنی ژیـــــانێكی نـــــوێ تـــــر لەگـــــەڵ پیـــــاوێكی دیكـــــەدا. بـــــەڵام دایكـــی هیـــوا هـــەموو خۆشـــیەكانی ژیـــانی خـــۆی لـــە سووچـــێكی نێـــو دڵـــی دا زینـــدانی كردبـــوو. چـــوونكە ئـــیتر ئـــەو بـــاوەڕی وابـــوو لـــە ئێســـــتادا تاكـــــە خۆشـــــی ئـــــەو لـــــەم ژیانـــــەدا، بریتیـــــە لـــــە بەرپرســــــیارەتی دایكایـــــەتی ،كـــــە دەبێـــــت زۆر بـــــە هەســــــتیارانە مامەڵـــــە لەگـــــەڵ ئـــــەو بەپرســــــیارەتیەدا بكـــــات ، لەبەرامبـــــەر منداڵـــەكانی دا بەتایبـــەتی لـــە ئێســـتادا كـــە تـــەنیا هیـــوای لـــەلا ماوە، هـــــەروەها بەبـــــەردەوامی ئـــــاواتیش دەخوازێـــــت بـــــەنزیكترین كـــات هـــەواڵی گەڕانـــەوەی كچـــە گەورەكـــەی ببیســـتێت، بـــۆ ئـــەوەی بتوانێـــت بـــۆ جـــارێكی دیكـــە لـــە باوەشـــی بگرێتـــەوەو تێـــر ...تێـــر

ماچـــی روومەتـــەكانی تـــارای كچـــی بكات،بەگەڕانـــەوەی تـــارا، دەبێتە هۆكارێك بۆ ئارامبوونەوەی دایكی...

(6)

ئـــەو داهاتـــەی كـــە دەســـتی دایكـــی هیـــوا دەكـــەوت لـــە پیشـــەی فەرمانبەریەكـــەی، بڕێكـــی ئێجگـــار كـــەم بـــوو، لەچـــاو ئەوداهاتـــە زۆرەی كـــە لـــەنێو خاكەكـــەی دا هـــەبوو، ســـەرباری ئـــەوە هیـــواو دایكـــی لەســـەر خاكەكـــەی خۆیـــان كرێچـــی بـــوون و خـــاوەنی هـــیچ موڵكێـــك نـــەبوون ،ئەمـــەش لـــە پاش هـــەموو ئـــەو قوربـــانی و خەباتانەی كەلەلایەن هاوسەرەكەیەوە ئە نجام درابوو...

***

كتێبخانـــە رەنگینەكـــەی بـــاوكی هیـــوا ، ســـاڵانێكی زۆر دەبێـــت كـــەس ســـەردانی نـــەكردبوو ، هـــەموو كتێبـــەكانی نێـــو كتێبخانەكـــە بـــەداخراوی ماونەتـــەوە، تـــۆزێكی ئێجگـــار زۆری بەســـەردا

نیشتبوونەوە، بەڵام لەمەو بەدوادا هیوا ئیتر ژووری کتێبخانەکەی باوکی دەکاتەوەو لەسەرمێز و کورسیە تایبەتەکەی باوکی دادەنیشێت ،لەگەڵ ئەوەشدا ناوبەناوە دەست دەکات بەخوێندنەوەی هەندێك لەکتێبەکانی نێو کتێبخانەکەی باوکی. ئەگەرچی هیوا لە بەشێکی کتێبەکان تێنەدەگەیشت بەهۆی بچووکی تەمەنیەوە کە تەنها ئەوکاتە، نۆساڵان بوو کە بۆیەکەم جار ژووری کتێبخانەکەی باوکی دەکاتەوە، بەڵام وەکو باوکی خولیا و هەستێکی تایبەتی بۆ وشەکان و کتێبەکان هەبوو، بەتایبەتیش زۆر خولیای بۆ کتێبە مێژوویەکان و ئەدەبیەکان دەڕۆیشت.

هیوا هەموو کتێبەکانی ، نێو کتێبخانەکەی باوکی ، سەرلەنوێ خاوێنیان دەکاتەوەو جارێکی دیکە لە شوێنی خۆیان بەڕێکی دایدەنێتەوە، هەروەها ژوورەکەش زۆر بەجوانی خاوێن و ڕێك پێکی دەکات و دەیکاتە ژووری تایبەتی خۆی. چوونکە ئیتر هیوا هەستی دەکرد باوکی لەگەڵیان ناژیت، بەڵام هەستی بەوە دەکرد کە باوکی گەورەترین شتی لە پاش خۆی بۆی بەجێ هێشتووە ،کە ئەویش ژووری کتێبخانەکەی خۆی بوو ،کە ئەمەش بۆ هیوا دەبێتە سەرچاوەی زانیاری و بیرەوەریەکانی باوکە قارەمانەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو دەقە شعریەکانی باوکیشی لە دەفتەرێکدا کۆیان دەکاتەوە، تاوەکو لەدەرفەتێکدا بتوانێت لەیەکێك لە

چـــا پخانەکانی شـــارەکەی بەچـــا پی بگەیـــەنێت و بڵـــاوی بکاتـــەوە بۆی....

***

رۆژێکیـــان مامـــە ئیســـماعیل کـــە خـــاوەنی یـــەکێك لەچـــا پخانەکانی شـــاری ســـلێمانی بـــوو، هاوکـــاتیش هاوڕێیـــەکی نزیکـــی بـــاوکی هیـــوا بـــــوو، لـــــە ســـــەردەمی شـــــاخ و بەتاییـــــەتیش لـــــەکاتی رێکخســـــتەنەکانی نێـــــو شـــــاردا، کـــــە شـــــەماڵە رەش بەکەســـــێکی قارەمـــان و چـــاوکراوە داینـــابوو. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا هـــەروەکو دووبـــرا وابـــوون بـــۆ یـــەکتری. ئـــیتر شـــەوێکیان ســـەردانی مـــاڵی هیـــوا دەکـــات ، بـــۆ ئـــەوەی لەتەندرووســـتی براژنـــی و هیـــوا بپرســـێت. لە پاشـــان داوا لـــەهیوا دەکـــات کـــە بـــڕوات هـــەموو دەقـــە شـــعریەکانی بـــاوکی بـــۆ بهێنێـــت ،تـــاوەکو لەدەرفـــەتێك دا بەچـــا پی بگـــەینێت . هیـــوا دڵ خـــۆش دەبێـــت بەداواکـــەی مـــام ئیســـماعیل ، هیـــواش بـــەڕاکردن بـــەرەو ژووری کتێبخانەکـــەی بـــاوکی دا دەڕوات ، ســـەرجەم دەقـــە شـــعریەکانی بـــاوکی زۆر بـــەجوانی ڕێکـــدەخات ، لە پاشـــان دەیداتـــە دەستی مامە ئیسماعیل، بۆ ئەوەی بەچا پی بگەیەنێت بۆی...

(7)

ســـاڵ بـــە خێرایـــی تێپـــەڕی بـــۆ گـــەلی باشـــووری كوردســـتان و تـــەواوی دانیشـــتوانی عێـــراق، بەتێپـــەڕبوونی خێرایـــی ســـاڵدا، خەڵكی باشـــووری كوردســـتان و عێـــراق بەبیســـتنی هـــەواڵێك دەســـتیان بەئاهـــەنگ گێـــران كـــرد، ئـــەو ئاهەنگـــەش بـــەهۆی رووخـــان ولەســـێدارەدانی گـــەورەترین ســـتەمكاری مێـــژووی ســـەدەی بیســـت بـــوو. كـــە ئـــەویش ســـەدام حسـێن بوو،كـــە بـــە پیاوێكی دیكتـــاتۆر و مەترســـیدار ناســـرابوو،بەتایبەتیش بـــۆ گیـــانی گـــەلی كـــورد، بـــەڵام لەســـەرەتای ســـەدەی بیســـت و یەكـــدا بە پـــەتی ســـێدارە كۆتـــایی بەهەموودەســـەڵات و ســـتەمكاریەكەی دا هـــات كەلەبەرامبـــەر بـــە گـــەلی باشـــووری كوردســـتان و عێـــراق ئـــە نجامی دابـــوو، خـــەڵكی لـــە دڵخۆشـــیا نـــەیان زانـــی كـــە چـــۆن خۆشـــیەكانیان دەربـــڕن، بـــۆ رووخـــانی ئـــەو دەســـەڵاتە دیكتـــاتۆرو قێزەونـــەی ، كەســـاڵانێكی ئێجگـــار زۆر بـــەرۆكی خـــەڵكی عێـــراق و بەتایبـــەتیش كوردەكـــانی گرتبـــوو، كـــە بـــەردەوام بـــوو لـــە ئە نجامـــدانی كیمیابـــارانكردن و ئـــەنفالی خـــەڵكی باشـــووری كوردســـتان و چـــەندین نەهـــەماتی دیكـــەدا كەگـــەلی كـــوردی باشـــووری كورســـتان بەدەســـتی ئـــەو دەســـەڵاتەوە چەشـــتبووی، كـــە هـــیچ كاتێـــك گـــەلی كـــورد ئـــەو ئازارانـــەی لـــەیاد ناچـــێتەوە،هەروەها نـــەوە لـــە پاش نـــەوەی ،نـــێ, نیشـــتمانەكەی هیـــوا دەبێـــت بزانێـــت كـــە گەلەكـــەی

چـــەندین ئـــازاری گـــەورە گـــەورەی چەشتووە، بەدەســـتی ئـــەو رژێمـــە یەك بەدوای یەكانەوە.

***

لەلایـــەکی دیکـــەوە دایکـــی هیـــوا، هێشـــتا لـــە چـــاوەڕوانی هاتنـــەوەی کچـــە گەورەکـــەی دایـــە (تـــارا). کـــە ئـــاوات دەخوازێـــت هـــەروەکو چـــۆن مـــزگێنی لـــە ســـێدارەدانی ســـەدام حوســـێنی بیســـت، بەهـــەمان شـــێوەش رۆژێـــك بێـــت لەلایـــەن فریشـــتەکانەوە، مـــزگێنی هـــەواڵی کچـــە گەورەکـــەی تـــارای پێـــی بـــدەن، کـــە ئـــەو مزگێنیـــەش دەبێتە گەورەترین دڵخۆشی بۆ دایکی هیوا لەتەواوی ژیانی .

(8)

تـــاوەکو دەهـــات ، ژمـــارەی ســـاڵەکان بـــەبێ ئـــەوەی هەســـتی پـــێ بکرێـــت زۆر بـــە خێرایـــی تێپـــەڕی ،لەگـــەڵ خێـــرا تێپـــەڕینی ســـاڵەکاندا، هیواش دەبێـــت بـــە کـــوڕێکی گـــەنج و دایکیشـــی تەمـــەنی بـــەرەو هەڵکشـــان دەڕوات، کەچـــی هـــیچ دەنگوباســـێکی تـــاراش لـــەئارادا نیـــە. ئـــیتر هیـــوا لـــە ســـەرەتای قۆنـــاغی گەنجیەتیـــەوە، بەتـــەواوەتی هەســـت بـــە هـــەموو جەنجاڵیـــەکانی دەورووبـــەری

خۆیـــــــدا دەکـــــــات کـــــــە لـــــــەنێو نیشـــــــتمانەکەی دا دەگوزەرێت، بەتایبـــەتیش کاتێـــك چـــاوی بـــە لا پـــەڕەکانی مێـــژوودا دەخشـــێنێتەوە، دبینێت بـــەدەیان رووداوی گـــەورە ، گـــەورە رووی داوە لـــەنێو نیشـــتمانەکەی و چـــواردەوریدا، بەتایبەتیش کاتێـــك چـــاوی دەکەوێتـــە ســـەر مێـــژووی جـــەنگی نـــاوخۆی گەلەکەی، راســـتەوخۆ لـــەنێو دڵـــی خۆیـــەوە دەڵێـــت: ئـــاخ ئەمـــە چـــیە؟ ئێمـــە خۆمـــان کـــەم کراوینەتـــە قوربـــانی دەســـتی دووژمنان، کەچـــی لـــەناوخۆی خۆیشـــمانەوە دووژمـــنی یـــەکتر بووینە، هەربۆیـــە ئێمـــە نەبووینەتـــەخاوەنی هـــیچ شـــتێك چـــوونکە خۆمـــان لـــەنێو خۆمـــان دا دووژمـــنی یـــەکترین. بەڕاســـتی ئـــیتر ئێســـتا دەزانم نیشـــــتمانەکەی مـــــن نیشـــــتمانی (پە پوولـــــە باڵشکاوەکانە)...

***

بـــەڵام هیـــوا هـــەموو ئـــەم شـــتانەی بـــەلاوە نا، چـــوونکە تاکـــە خـــەونی هیـــواو دایکـــی لـــە ئێســـتادا تـــەنها هـــەواڵی تارایـــە کـــە دووبـــارە پێیـــان شـــادبێتەوە، هەرچـــەندە هیـــوا تـــەنها وێنەیـــەکی بچـــووکی خووشـــکە گەورەکـــەی خـــۆی بینیـــوە ،لـــەنێو ئەلبوومـــە گەورەکەی ماڵەوەیان...

ئێوارەیـــەکی رۆژی هـــەینی، هیـــواو دایکـــی بەســـەردانێك بـــەرەو ســـەر گـــۆری شـــەماڵە رەش و نـــەرمین دەڕۆن، کـــە بـــاوك و کـــچ لەتەنیشـــتی

یـــەکترەوە پاڵیـــان داوەتـــەوە لـــەنێو چـــاڵێکی تاریکـــدا، لەگـــەڵ خۆیـــدا هیـــوا کتێبـــە شـــعریەکەی بـــاوکی کـــە بـــۆی چـــا پیکردبوو لەلایـــەن مـــام ئیســـماعیلەوە ، لەتەنیشـــتی گۆڕەکەیـــەوە دایـــدەنێت و لەگـــەڵ کۆمـــەڵێك گـــوڵی جۆراوجۆریشـــی بـــۆ دەخاتـــە ســـەر کتێبەکـــەی. هـــەروەها بەباوکیشـــی دەڵێـــت: بخـــەوە باوکـــە گیـــان بـــە ئـــارامی لـــەنێو ئـــەم گـــۆڕە تاریکـــەدا ، مـــن شـــانازی پێتـــەوە دەکـــەم لـــەناوهاوڕێکانم کـــە بـــاوکم چـــەندە پیـــاوێکی قارەمـــان بـــووە لـــە رۆژگـــاری ســـەختدا، کەچـــی هـــەر بـــەقارەمانیش مردیـــت، بـــەڵام بەشـــێکی هاوڕێکانـــت وەکـــو تـــۆ تـــا وەکـــو دوێـــنی بـــەناوی خـــەباتی چـــەکداری و پێشـــمەرگایەتی خۆیـــان بەخـــەڵکی ناســـاندبوو ، لـــە دژی رژێمـــە دیکتاتۆرەکـــەی بـــەعس دا ، کەچـــی لـــە پاش ئەوەی،کـــە ئـــیتر شـــۆڕش تـــەواو بـــوو هـــەموویان لـــەنێو شـــاخە ســـەختەکانی نیشـــتمانەکەم دابـــەزین. لەئێســـتادا بۆخۆیـــان لـــە نێـــو کۆشـــك و تـــەلارە بڵنـــدەکان دەژیـــن و لەگـــەڵ چـــەندین ئۆتـــۆمبیلی ئـــاوێنـــە رەشـــیان بەدوایانـــەوە دەڕوات، کـــە تەنانـــەت بـــە ئەســـتەم ســـڵاوێکیش لەهـــەژارەکان دەکـــەن،ئای باوکـــە ژیـــانێکی زۆر نامۆیـــە کـــە ئێمـــە تێـــدا دەژین،هەرچـــەندە رۆژ بـــەرۆژ مـــن چـــاوەکانم زیـــاتر بکرێنـــەوە ئـــەوا شـــتی زۆر نـــامۆتر دەبیـــنم لەچـــواردەوری خـــۆم ، خۆشمـــەوێیت باوکـــە گیـــان ،بـــەڵام تکایـــە باوکـــە ئاگـــات لەخووشـــکەکەم بێـــت، چـــوونکە ئـــەو زۆر بچـــووکە، بۆیـــە ئێســـتا زۆر دەترســـێت لـــەنێو ئـــەم چـــاڵە تاریکـــەدا بەتـــەنیا،خوات لەگـــەڵ

باوکــــه قارەمانەکـــەی من، خـــوات لەگـــەڵ ئـــەی خووشـــکە بچـــکۆلانە بێنازەکەی نێو نیشتمانی (پە پوولە باڵشکاوەکان)...

(9)

ئـــاواتی چـــەندین ســـاڵەی دایکـــی هیـــوا، لـــەکۆتایی بـــەجێ هێنـــرا . کـــە بـــەردەوام ئـــاواتی گەڕانـــەوەی کچـــە گەورەکـــەی دەخواســـت ، بـــۆ نـــاو خێـــزان و نیشـــتمانەکەی خـــۆی دا، بـــەڵام لـــە پـــاش زیـــاتر لـــە بیســـت ســـاڵ لـــە نـــەبوونی هـــیچ هـــەواڵێك و دەنـــگ و باســـێکی دەربـــارەی تـــارا کچـــی دا، بـــەڵام دایکـــی هیـــوا رۆژێکیـــان لەلایـــەن خووشـــکێکیەوە کـــە ماڵیـــان لـــە ئێرانـــە، هـــەواڵێکی بـــۆ دەنێرێـــت کـــە گوایـــە تـــارا لـــەماڵی ئێرانیـــەك دایـــە لـــە تـــاران بـــەناوی ئاغـــای شـــیرازی، بـــەڵام تـــارا لـــە پاش ئـــەو هەمووســـاڵەدا لـــە ئێســـتادا ئـــەو بۆتـــە کچـــێکی گەورەو، هـــەروەها تەمەنیشـــی بیســـت و نۆســـاڵە ، لەهەمانکاتیشـــدا هاوســـەرگیری لەگـــەڵ کـــوڕێکی ئێرانـــی دا کـــردوە بـــەناوی مورتـــەزایی، بـــەڵام خۆشـــبەختانە کوڕەکـــە کـــوڕێکی زۆر بـــەڕێز و مـــەردە کـــە زیـــاتر لـــە حـــەوت ســـاڵە پێکـــەوە دەژیـــن

بۆخۆیان، بەبەختەوەری و بەبێ هیچ كێشەیەك، ئەوەی كە جێگای دڵخۆشییە بۆ تارا ئەوەیە كە دایكی مورتەزایش هاونەتەوەی خۆیە ، خەڵكی لای كرماشانە،واتە سەر بە پارچەكەی دیكەی كوردستانە،كە بە رۆژهەڵاتی كوردستان ناسراوە، بەڵام باوكی مورتەزایی، لەبنەڕەتەوە ئێرانییە خەڵكی تارانە، ناوی ئاغای حەسەنیە،هەروەها مورتەزایی برایەكی تری هەیە بەناوی عەلی كە دەكاتە برا گەورەی مورتەزایی . بەڵام عەلی لەسەردەمانی جەنگی هەشت ساڵەكەی نێوان ئێران و عێراق دا ، بە فەتوای رابەری شۆرشی ئەوكاتەی ئێران ، بریاردرا كە عەلی و هاوڕێكانی بەشداری جەنگ بكەن لە دژی عێراق ،شان بەشانی لەگەڵ سووپای وڵاتەكەی دا، ئیتر لەوكاتەوە لە ئەنجامی ئەو جەنگە نەگریسەدا عەلی دەكوژرێت.

***

پاش ئەوەی تارا كە لە كۆڕەوەكەی ساڵی 1991 وە لە خێزانەكەی خۆی ون دەبێت ، بەڵام لەلایەن ماڵێكەوە كە لەبنەڕەتەوە خەڵكی تارانن،كە ئەو ماڵەش بازرگانێكی دیاری تارانن بەناوی ئاغای شیرازی،ئیتر بۆدواجار، هەروەكو منداڵی خۆیان بەخێوی دەكەن، چوونكه ئەو خێزانە لەبنەڕەتەوە خاوەنی هیچ منداڵێك نەبوون، هەربۆیە ئیتر خێزانەكەی

ئاغـــای شـــیرازی زۆر عاشـــقی تـــارا دەبێـــت و بڕیـــاردەدات بـــە خێوی بکـــات ،تـــاوەکو ئەوکاتـــەی دەبێتـــە کچـــێکی گەورە، بـــەڵام تـــارا هەمیشە خێزانە راستەقینەکەی خۆیی لەیادنەکردبوو.

ئەوکاتـــەی کـــە تـــارا، لـــە زانکـــۆی تـــاران دەخوێنێـــت لـــە بەشـــی پزیشـــکی دا کوڕێـــك دەناســـێت لەبەشـــەکەی خۆیـــدا، بـــەناوی مورتـــــەزایی ، پـــــاش ناســـــینی راســـــتەوخۆ دەکەوێتـــــە داوی خۆشەویســـتی ئـــەو کـــوڕە ئێرانیـــەوە، ئـــیتر لـــە پاش تـــەواکردنی زانکۆیـــان تـــاراو مورتـــەزایی دەســـت لـــەنێو دەســـتی یـــەکتر دەنـــێن و دەچـــنە نێـــو هێلانـــەی بەختـــەوەری خۆیانـــەوە, لەگـــەڵ ئەوەشـــدا دەبنـــە خـــاوەنی منـــداڵێکی جـــوان، بـــەناوی نەرمینەوە.کـــە هـــەمان نـــاوی خووشـــکەکەی خـــۆیی لـــە کچـــەکەی دەنێـــت، بـــەڵام تـــارا بێئاگایە لەوەی خووشکەکەی لەژیان دا نەماوە.

تـــارا زۆر بـــیری خێزانەکـــەی خـــۆی دەکـــرد بەدرێـــژایی ئـــەو ســـاڵانەدا، بـــەڵام هـــیچ دەرفـــەتێکی بۆنەرەخســـا کـــە بەخێزانەکـــەی شـــادبێتەوە ، جگـــە لـــەوەش تـــارا هێشـــتا بـــێ ئاگایـــە لـــەوەی برایـــەکی تاقانـــەی هەیـــە بـــەناوی هیـــواوە، کەچـــەندە تامـــەزرۆی بینـــینی خووشـــکە گەورەکەیـــەتی، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا بـــێ ئاگایـــە لەکۆچـــــی دوایـــــی بـــــاوکی و ســـــەرجەم رووداوەکـــــانی نێـــــو نیشتمانەکەی...

(10)

بەهەمان شێوەی دایکی، تاراش لەلایەن مورتەزای هاوسەریەوە، هەواڵی ئەوەی پێ دەدات کە خێزانەکەی لە ژیان دا ماون و هەر لەسلێمانیەکەی خۆیان دەژین ، چوونکە مورتەزایی لەیەکەم شەوی هاوسەرگیریان بەڵێنی ئەوەی بە تارا دابوو، کە هەموو تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ شادبوونەوە بەخێزانەکەی.

مورتەزایی ئەو هەواڵە بەتارا نادات کە باوك و خووشکەکەی لەژیان دا نەماوە، چوونکە دەیزانی کە تارا بەرگەی ئەو ئازارە ناگرێت. هەربۆیە مورتەزایی نەیدەویست ،تارای خۆشەویستی ئازاربکێشێت.

پاش هەوڵێکی زۆر مورتەزایی دەتوانێت لە ڕێگای کۆمەڵێك هاوڕێیەوە لە سلێمانی و ناوچەکانی دیکەدا ،دەرئە نجام توانی ژمارە تایبەتیەکەی ماڵی خێزانە راستەقینەکەی تارا بەدەست بهێنێت ،ئەمەش دەیکاتە سوپرایزەك بۆ تارای خۆشەویستی...

***

تــــاراش زۆر دڵخـــۆش دەبێـــت بـــەو ســـو پرایزە جوانـــەی هاوســـەرەکەی کـــە پێشکەشـــی کردبـــوو ، ئـــیتر راســـتەوخۆ بـــۆ شـــەوەکەی بـــە ژمارەیـــەکی تاییەتیـــەوە زەنگـــی تەلەفۆنەکـــەی مـــاڵی هیـــوا لێـــدەدرێت، لەوکاتـــەدا کـــە زەنگـــی تەلەفۆنەکـــە لـــێ دەدرێـــت، دایکـــی هیـــوا لـــــە چێشـــتخانەدایە خـــەریکی ئامـــادەکردنی پاروویـــەکی نانـــە بۆئـــەوەی لەگـــەڵ هیـــوای کـــوڕی دا بۆخۆیـــان بیخـــۆن ، بـــەڵام هـــەرزوو دایکـــی هیـــوا خورپەیـــەك بـــەناو دڵـــی دا دێـــت و دەڵێت :دڵنیـــام ئـــەوە کچـــەکەمە ، دەســـتبەجێ خێـــرا خـــۆی بـــەرەو تەلەفۆنەکـــە دەگەیـــەنێت و هـــەڵی دەگرێـــت و لە پاشـــان دەڵێت :

- بەڵی فەرموو کێیە ؟

دایکـــی هیـــوا ،دوو جـــار لەتەلەفۆنەکـــەوە دەڵێـــت : فـــەرموو کێیـــت بـــەڕێزتان؟ بـــۆ قســـەیەك ناکـــەن؟! ئـــەلوو فـــەرموو کـــێن بـــەڕێزتان تکایە قسەیەك بکەن کاتی گاڵتەکردن نیە بەم شەوە درەنگە .

-تـــــاراش بـــــەدەم گریانـــــەوە، دەڵێت : دایکـــــە گیـــــان ، قوربـــــانی هەناســـەکانت بم ، قوربـــانی ئـــەو دەنگـــە خۆشـــەت بم ،دایکـــە مـــنم تارا کچە گەورەکەت لەدەورت گەڕێم دایکە جوانەکەم...

کاتێـــك دایکـــی هیـــوا گـــوێی لـــەم قســـەیە دەبێـــت راســـتەوخۆ هەناســـــەیەکی قـــــوڵ هەڵدەمـــــژێت و بەگریانـــــەوە، لـــــەنێو

تەلەفۆنەکەدا، بەدەنگێکی زۆر بەرزەوە بانگی کچە گەورەکەی دەکات و دەڵێت :تارا گیان، کچە تاقانەکەی دایە ئەی هەناسەکەی دایە ، دایە بەقوربانت بێت ئەوە تۆی ؟ یان ئەمە خەونە کە من تێکەوتووم بەم شەوە درەنگە؟!

- بەڵی دایە گیان منم تارام، خەون نیە، بەڵکو راستیەکی چاوەڕوانەکراوە بۆمان، من ئێستا لە ئێرانەوە قسەت لەگەڵ دەکەم، هەروەها دایکە گیان، لە پاش ئەو هەمووساڵەدا ،من ئێستا بوومەتە کچێکی زۆر گەورەو هاوسەرگیریشم کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا منداڵێکی جوانیشمان بەقسمەت بووە، ناوی خووشکەکەم لێ ناوە نەرمین گیان بەڕاستی زۆر بیری هەمووتان دەکەم.

تارا: دایکە گیان پێم بڵی باوکم چۆنە؟ هەروەها نەرمینی خووشکم چۆنە؟

تارا بەهەواڵ پرسینی خووشکەکەی و باوکی،راستەوخۆ دایکی بۆ ساتێك بێ دەنگ دەبێت. تاراش لەتەلەفۆنەوە بە دایکی دەڵێت: ئەلوو دایکە بۆچی دەنگت نەما!

- کچەکەی خۆم، دایە بەقوربانت بێ بێدەنگ نەبوومە بەڵکو گوێت بۆ دەگرم. کاتێك وتت منداڵێکم بووە ، ناویشت لێ ناوە نەرمین ، بەڕاستی تاساندمی ، ئەی قوربانی کچەکەی خۆم بم

، پاش ئەو هەموو ساڵە بۆتە دایك ، بەڕاستی زۆر تامەزرۆی بینینتانم...

تارا دووبارە پرسیاری تەندروستی باوك و خووشکی دەکات، بەڵام دایکی نایەوێت راستیەکەی پێ بڵێت کەچی روویداوە. هەربۆیە ناچار دەبێت درۆیەکی گەورە لەگەڵ کچەکەی بکات پێی دەڵێت: باوکت و خووشکت زۆر باشن، بەڵام تارا داوا لەدایکی دەکات کە تەلەفۆنەکەیان پێ بدات، بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵ دا بکات و گوێی لەدەنگیان بێت، بەڵام دایکی دووبارە درۆیەکی تر دەکات و دەڵێت: کچەکەم هەردووکیان خەوتوون.

ئەگەرچی لەدیوێکی ترەوە قسەکەی دایکی هیوا ،زۆر راست بوو، چوونکە باوك و خووشکەکەی تارا ، بۆ هەتا هەتایە چاوەکانیان لێك ناوەو خەوتون بۆخۆیان...

تاراش پاش قسەکەی دایکی دەڵێت: باشە دایکە گیان هەڵیان مەستێنە، با بخەون بۆخۆیان بەیانیەکەی زوو مـن و مورتەزای هاوسەرم لەگەڵ کچەکەم بەیەکەم فڕۆکە دەگەینە سلێمانی...ئیتر ئەوکاتە تێر ،تێر لە باوەشتان دەگرم.

- قوربانت بم کچەکەم تارا گیان بەخێربێیتەوە بۆ ماڵەکەی خۆت و نیشتمانە بێنازەکەت، ئەمە چەندە هەواڵێکی خۆشە

بۆمن. بەڵام كچەكەم تۆ لە پاش ئەو هەموو ساڵە بێ ئاگای لەوەی ، كە ئێستا تۆ برایەكیشت هەیە بەناوی هیوا،ئەو چەندین ساڵە تامەزرۆی بینینی تۆیە ،بۆیە تكایە بەیانی زوو بگەڕێوە بۆلامان، لەم تەنیاییە ئێمە رزگار بكە ، تۆ دەبیتە تاكە رووناكی ماڵەكەمان، چوونكە ماڵەكەمان هیچ رووناكیەكی تێدا نەماوە لە پاش دیارنەمانی تۆدا.

تارا كاتێك گوێبیستی ئەو قسەیەی دایكی دەبێتەوە ، لەوەی كە برایەكی بچووكی هەیە ، زۆر دەشڵەژێت و خۆشیەكەی ناو ناخی دڵی، بەگریانێكی قووڵەوە دەری دەبڕێت....

تارا بەدەم گریانەوە بەدایكی دەڵێت: واتە پاش ئەو هەموو ساڵە برایەكیشم هەیە و من ئاگەدار نیم؟ قوربانی برا تاقانەكەی خۆم بم دادە لەدەوری گەڕێت، دایكە گیان تكایە تەلەفۆنەكە بدە بە كاكم دەمەوێت هەرئێستا گوێم لە دەنگی برا تاقانەكەی خۆم بێت.

- باشە كچەكەم ئێستا بانگی دەكەم بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ دا بكەی...

هیوا... هیوا... هیوا... كوڕەكەم وەرە خوارەوە كەمێك كارم پێتە.

-بەڵی دایکە گیان ، چیت دەوێت؟

- تــــۆ خێـــرا وەرە تەلـــەفۆنێکت بـــۆ هـــاتووە دەیـــەوێت قســـەت لەگەڵ بکات...

- کێیە دایکە؟

-نـــازانم کـــوڕم نـــاوی خـــۆی نـــەوتوە ، تـــەنها گـــوتی: هیـــوام دەوێت،تۆ وەرە خوارەوە هەڵی گرە ، ئەوجاکە دەزانی کێیە؟

- هیـــوا بـــەڕاکردن لـــە ژووری ســـەربانەوە ، کـــە لـــە ژووری کتێبخانەکـــەی بـــاوکی دایـــە بۆخـــۆی ،ســـەرقاڵی خوێندنـــەوەی کتێبێکـــی مێژوویـــە. راســـتەوخۆ دێتـــە خـــوارەوەو تەلەفۆنەکـــە هەڵـــدەگرێت و دەڵێت:ئەلوو...ئـــەلوو، بـــەڵی فـــەرموو کـــێین؟ بەڕێزتان بەم شەوە؟

تـــاراش بـــە زەردەخەنەیەکـــەوە قســـە دەکـــات و دەڵێـــت : بـــەڕای بـــەڕێزتان دەبێـــت کـــێ بێـــت بـــەم شـــەوە ؟ بەتایبـــەتی کـــە کچـــێکی وەکـــو مـــن تەلـــەفۆن بـــۆ کـــوڕێکی قـــۆزی ســـلێمانی بکـــات ، کـــە ئـــەو کـــوڕە قـــۆزەش ناویشـــی هیـــوا بێـــت ،هیـــوا بەقســـەکانی تاســـێك دەبیـــات وهـــیچ شـــتێك ناڵێـــت ،بـــەڵام کاتێـــك تـــارا راســـتەوخۆ دەڵێت: ئەوە منم تاقانەکەی دادە گیان تارام ...

-هەوالێکی زۆر لەناکاو ، پڕ لەتاس بوو بۆ هیوا ،کەبەم شەوە کچێك تەلەفۆن دەکات ، راستەوخۆ پێی دەڵێت من تارای خوشکتم...

کاتێك هیوا گوێی لەناوی خووشکە گەورەکەی دەبێتەوە لەنێو تەلەفۆنەکەدا، بەتاسەوە بانگی تارای خووشکی دەکات و پێی دەڵێت: تارا گیان خووشکە گەورەکەم ئەوە تۆی؟ تاراش بە گریانەوە دەڵێت: بەڵی برا بچووکەکەم لەدەورت گەڕێم، بەڵێ خۆمم تارای خووشکت، پێم بڵێ براکەم تەندرووستیت چۆنە؟ هیواش بە زەردەخەنەیەکەوە پێی دەڵێت: زۆر ...زۆر...باشم بەتایبەتی کە ئێستا گوێم لەدەنگی تۆ بوو دادە گیان.

***

هیوا ئەوکاتەی کە گوێی لە دەنگی خووشکەکەی بوو،زۆر تووشی سەرسوڕمانی دێت،کە بەم شەوەو لەناوکاودا کەسێك بڵێت من خووشکەکەتم لە پاش ئەم هەمووساڵەدا.

هیوا بەدایکی دەڵێت: دایکە ئەوە تارای خووشکمە؟ دایکیشی بە پێکەنینەوە وەڵامی هیوای کوڕی دەداتەوە دەڵێت: بەڵی کوڕەکەم لەکۆتایی دا ئیتر پێك شادبووینەوە ، رۆژەخۆشەکانی ژیا نمان دەست پێدەکاتەوە لەگەڵ تۆ و خووشکە گەورەکەت،قسەی لەگەڵ بکە کوڕەکەم...

هیوا : باشە دادە گیان تۆ ئێستا لە کوێیت؟ تاوەکو بێم بە شوێنتاو بتهێنمەوە بۆ ماڵەوە ،چوونکە من زۆر بیری تۆم کردووە هەروەها دایکیشم زۆر بیری تۆ دەکات، هەمووومان بۆت نیگەرانین لە پاش ئەم هەموو ساڵە...

-تارا : گیانەکەی دادە ، قوربانی تۆم، هیوا گیان من لە ئێرانم شوێنێکی زۆر دوورە لە سلێمانیەوە ،هەروەها تۆ ناتوانی ئێستا بگەیتە لام بەم شەوە ، بەڵام گیانەکەم بەیانی خۆم و نەرمینی کچم لەگەڵ هاوسەرەکەم بەیەکەم فڕۆکە دەگەڕێینەوە بۆ سلێمانیەکەم .منیش زۆر بیری ئێوەو سلێمانیەکەم و کوردستانەکەم کردوە، ئیتر لەبەیانیەوە دەمەوێت خۆم و نەرمینی کچم، لەوێ بژیم لەگەڵ ئێوەدا بۆ هەتا هەتایە...

- هیوا کاتێك گوێی لەوە دەبێت کە تارای خووشکی منداڵێکی بووە ، راستەوخۆ دەڵێت: ئای خوایە، واتە دادە گیان تۆ منداڵشت بووە لە پاش ئەم هەموو ساڵەوە، کە لێمان دابڕاوی! ئێستاکە لەیەك کاتدا من ،چەندە بیری تۆ و خووشکەزاکەم دەکەم، هەربۆیە بەیانی خۆشترین رۆژ دەبێت بۆمن ،چوونکە ئەبێت خووشکەزاکەم و لەگەڵ تۆ تێر ... تێر لەباوەشتان دەگرم ، لە پاشان تێر بەدڵی خۆمان لەگەڵ خووشکەزاکەم پیاسەیەك بەناو سلێمانی دا دەکەین.

تارا :بەڵی کاکە گیان منداڵێکمان بووە، هەروەها کچێکی جوانە، ناویشم لێ ناوە (نەرمین)، بەڕاستی زۆر بیری نەرمینی خووشکم دەکەم....

***

کاتێك گوێبیستی ئەوە دەبێت لەزاری تارای خووشکیەوە کەناوی خووشکەزاکەی ناوە (نەرمین) . ئیتر ئەوکاتە هیوا بۆ ساتێك بێ دەنگ دەبێت و هیچ شتێك ناڵێت، چوونکە راستەوخۆ دەزانێت کە دایکی راستیەکەی بۆ تارای کچی نەدەرکاندوە، هەربۆیە هیواش ناچار دەبێت هەمان درۆی دایکی دووبارە بکاتەوە. تاوەکو ئەوکاتەی تارا هەموو رووداوەکان بەچاوەکانی خۆی دەبینێت.

-تارا بەهەمان شێوە پرسیاری، تەندرووستی باوکی و خووشکەی لەبراکەی خۆیدا دەکات، بەڵام هیوا هەمان وەڵامی دایکی دەبێت...

هیوا بەتارای خووشکی دەڵێت : نەرمین و باوکم خەوتوون بۆیە ناتوانن ئێستا قسەت لەگەڵ بکەن، تاراش ئەوکاتە، هەستێکی نامۆ بەلایەوە درووست دەبێت کە لەم کاتەدا بۆچی دەبێت نەرمین و باوکی خەوتبن ! چوونکە هێشتا کات زۆریش درەنگ نەبوو.

لــەکۆتـایی دا تــارا لـــە تەلەفۆنەکەیـــەوە بــە هیـــوای بـــرای دەڵێــت: تـــۆش بـــڕۆ بخـــەوە براکـــەم، بـــەیانی هـــەموومان پێـــك شـــاد دەبینـــەوەو تێـــر بـــەدڵی خۆمـــان قســـە دەکـــەین، بـــەڵام لەســـەرەتادا ماچێکی دایکم لەبیر نەکەیت.

هیـــوا: باشـــە دادە گیـــان شـــەوت شـــاد بێـــت، بـــەیانی هـــەموومان چاوەڕێت دەکەین...

(11)

ئـــەو شـــەوە بـــۆ دایکـــی هیـــوا، لەهەمووشـــەوەکانی تەمـــەنی جیـــاوازتربوو، چـــوونکە پـــاش بیســـت ســـاڵی ڕەبـــەق، بـــۆ جـــارێکی تـــر تـــوانی گـــوێ لـــە دەنگـــی کچـــە گەورەکـــەی خـــۆی ببێتە،هـــەروەها ئـــەو شـــەوە دایکـــی هیـــوا لـــە دڵـــی خۆیـــەوە گـــوتی: ســـووپاس بۆتـــۆ خوایـــە، کـــە لـــە پاش ئـــەم هـــەموو ســـاڵە لـــە دووری کچـــە تـاقانەکـــەم، کەچـــی توانیـــت بۆجـــارێکی تـــر پێکمـــان شـــادبکەیتەوە، خوایـــە گیـــان هـــەردایکێك وەکـــو مـــن لـــە ڕۆڵـــەکانی دابـــڕاوە، بەگـــەورەیی خـــۆت پێکیـــان شـــادبکەوە...(ئامین). بـــەڵام لەلایـــەکی دیکـــەوە دایکـــی هیـــوا زۆر نیگەرانـــە، بـــۆ ئـــەو درۆیـــەی لەگـــەڵ کچـــەکەی دا

کردی ، چوونکە نەیتوانی ئەو راستیە تاڵە لەیەکەم گوێبیستی دەنگی کچەکەیەوە پێی بڵێت: کە باوك و خووشکەکەت نەماون لە ژیان دا. چوونکە ترسی لەوە هەبوو کە تارای کچی شتێك لەخۆی بکردبایە لە پاش بیستنی ئەو هەواڵەی دەربارەی باوکی و نەرمینی خووشکی.

***

دڵ بۆ دڵی یەکتر لێ دەدات، تاراش بەهەمان شێوەی دایکی بە گریانێکی پڕ لە زەردەخەنەوە، لەتەنیشتی هاوسەرەکەیەوە لەسەر تەختەی شەوانی خۆشەویستیان پاڵکەوتوە بۆخۆی ،بەڵام پاڵکەوتنەکەی ئەمشەوی تارا لەسەر تەختەی خۆشەویستیان، جیاوازترە لەشەوەکانی دیکەدا. چوونکە ئەمشەویان وەکو شەوانی دیکە نیە ، کە بەدەم پێکەنینەوە لەگەڵ مورتەزای هاوسەری لەسەر جێگاکەیان ،شەوێکی سووری پڕ لەخۆشەویستی بەڕێ بکەن، بەڵکو تارا شەوێکی پڕ لە فرمێسکاوی بەڕێ دەکات...

تارا، ناو بەناوە تەماشای چرکەکانی کاتژمێری ژوورەکەی دەکات بۆئەوەی زوو خۆرهەڵبێت و بەیەکەم فڕۆکەی تاران بگاتەوە سلێمانیەکەی، تارا لە پاش ئەو هەموو ساڵە دا هیچ کاتێك سلێمانیەکەی خۆی لەیاد نەکردبوو، بەڵکو خۆشەویستی بۆ شارەکەی زیاتر لەدڵی چەسپابوو، هەروەها

بەدرێـــژایی ئـــەو هـــەموو ســـاڵەدا ، هـــیچ کـــات زمانەکـــەی خـــۆی نەفەوتانـــدوە ،بـــەڵکو بەبـــەردەوامی پارێزگـــاری لێـــی کـــردوە، چـــوونکە تاکـــە شـــت کـــە تـــارای بـــەهێز کردبـــوو بـــوونی زمانەکـــەی بوو.

****

بـــەڵام لەلایـــەکی دیکـــەوە، چـــوونی تـــارا بـــۆ ســـلێمانی کـــەمێك مورتـــەزایی نیگـــەران کـــرد، چـــوونکە مورتـــەزایی زۆر ئاشـــقی تـــارای خێزانیـــەتی، تـــارا بـــەلای مورتـــەزایی هـــەموو شـــتێکی ئـــەوە لـــەم ژیانـــەدا، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا دایکـــی کچـــە جوانەکەیـــەتی. تاکـــە دڵخۆشـــی مورتـــەزایی لـــەم ژیانـــەدا ، ئـــەویش تـــەنها بـــوونی تـــارا و نـــەرمینی کچـــیەتی لـــەنێو ژیـــانی دا ،هـــەر بۆیـــە ئامادەیـــە هەمووشـــتێك لـــە پێناویان دا بکـــات بۆئـــەوەی گـــەورەترین ژیـــانی بەختەوەر بۆیان فەراهەم بکات...

(12)

مورتـــەزایی، بـــەڵێنی بـــەتارای خۆشەویســـتی دا, كـــە بەیانیەكـــەی لەگـــەڵی بـــڕوات بـــۆ ســـلێمانی و لـــەوێ هـــەموویان بـــۆ هـــەتا هەتایـــە بـــژین بۆخۆیـــان ،بـــە بیســـتنی ئـــەم هەواڵـــە دڵـــی تـــارای زیـــاتر خۆشـــكرد ، چـــوونكە ســـەرەتا تـــارا وای دانـــابوو كـــە زۆر ئەســـتەمە مورتـــەزایی لەگـــەڵی دا بێـــت بـــۆ ســـلێمانی . ئەمـــەش بـــەهۆی ئـــەوەی دایـــك و بـــاوكی مورتـــەزایی ، لـــەم شـــارەدان و خۆیشـــی كـــوڕە فارســـێكە. بـــەڵام مورتـــەزایی هـــەموو شـــتێك بـــەلاوە دەنێت،بـــەڵكو لـــەم كاتـــەدا دەبێـــت بە پشـــت و پەنایـــەكی بـــەهێز بـــۆ تـــارای خێزانی.

ئەگەرچـــی ســـەرەتا كـــە مورتـــەزایی ئـــەم قســـەیەی بـــە دایـــك و بـــاوكی گـــوت: راســـتەوخۆ بـــاوك و دایكـــی مورتـــەزایی كـــەمێك نیگـــەرانی بەســـەر رووخســـاریان دا هەڵكـــەوت، هـــەروەها دڵگـــەران بـــوون بـــەو قســـەیەی كـــوڕە تاقانەكـــەیان ، چـــوونكە مورتـــەزایی منـــداڵی تـاقانـــەی دایـــك و باوكیـــەتی، لـــە پاش كـــوژرانی عـــەلی كوڕیـــان، بۆیـــە لـــە دووری كوڕەكـــەیان هەســـتێكی نـــاخۆش بـــۆ دایـــك و باوكی درووست دەبێت...

***

باوکی مورتەزایی، کە بەئاغای حەسەنی ناسرابوو، دەستێك بەسەر شانی کوڕەکەی دا دێنێت و پێی دەڵێت: کوڕەکەم مورتەزایی گیان، تۆ لە پاش مردنی برا گەورەکەتەوە، بۆ ئێمە تاقانەی ناو ماڵەکەمانی، هەروەها دڵخۆشی تۆ دڵخۆشی ئێمەیە رۆڵەکەم، هەر ناخۆشیەکی تۆ ناخۆشی ئێمەیشە. تۆ ئێستا بڕۆ لەگەڵ خێزانەکەت بۆ هەرشوێنێك کە ئارەزووی دەکات، هیچ کاتێکیش هەوڵنەدەی دڵی هاوسەرەکەت لەخۆت بڕەنجێنیت، چوونکە تارای خێزانت ئەو کچێکی لێقەوماوە، هەروەها ئەو بەشێکە لە قوربانی گەلەکەی خۆی، کوڕەکەم گەلەکەی تارا بەسەر چەندین ئازاری سەختەوە تێپەڕیون کەهیچ کاتێك ناتوانن لەبیری بکەن.

- من کابرایەکی ئێرانیم، بەڵام ئەوە لەبیر نەکەی کوڕەکەم، کە ئەم دایکە جوانەی تۆ کە ئێستا لەبەرامبەرت وەستاوە، وەکو تارای خێزانت لەیەگ گەل و نەتەوەن. هەروەها کوڕەکەم من خودی خۆم کوردەکانم زۆر خۆشدەوێت و ساڵانێکی زۆر دۆستایەتیم لەگەڵیان دا هەیە. بەڵام ئەوەی کە دەیبینین زۆر کات پیاوانی سیاسین لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان دا جیاوازی و ڕق و کینەو زۆرجاران جەنگیش لەنێوان سەرجەم گەلەکان درووست دەکەن، کەوایان لێ دەکەن ڕق و کینە لەبەرامبەری یەکتر هەڵبگرن، کەچی خۆیانیش بەشەوانیش خەریکی بازرگانی و یاریکردنن لەسەر مێزی یانەکاندا.

تەنانەتــە لــەم نێوەنــدەدا خــەڵکی هــەژار باجەکــەی دەدات. بــەڵام هەمیشــە کەســە ئاقڵــەکان هــیچ کەســێك و هــیچ نەتەوەیــەك و ئاینێــك و رەگــەزێك بــەدژی خۆیــان دانانێن، بــەڵکو رێــز لەیــەکتر دەگرن و بە خۆشەویستی و تەبایی ژیان بەرێ دەکەن...

***

-کوڕەکــەم ، ئــەم پــیرە باوکــەی تــۆ پــێش ســی و پێــنج ســاڵ لەمــەو پــێش، وەکــو گــە نجێکی شــێت کەوتمــە داوی خۆشەویســتی کچــێکی جــوانی کــوردەوە، کــە ئــەویش ئــەم دایکــە پــیرە جوانــەی تۆیــە.هــەروەها ئەمــە چــەندین ســاڵە تاکــە پشــت پــەنای مــن لــەم ژیانــەدا تــەنها دایکــی تــۆ بــووە کوڕەکــەم، بەتاییــەتیش لــە رۆژە ســەختەکانی ژیا نمــان. ئــەو ســاڵانەی کــە وڵاتەکــەم لــە جەنگــدابوو لەگــەڵ عێراق، لە پاشــانیش کاتێــك هــەواڵی کــوژرانی براکــە تمان پێگەیشــت لــەو جەنگــە نەفرەتیــەدا.ئیتر ناخۆشــترین ســاڵەکانی ژیا نمــان بــوو بــۆ مــن و دایکــت . بــەڵام هــیچ کاتێــك دەســتی یــەکترمان بەرنــەدەدا. بــەڵکو توانیمــان دووبــارە هەســتینەوە ســەرپێیەکانی خۆمــان و بــەردەوام بــین لــەژیانکردن. لەگــەڵ ئەوەشــدا هەرهــەنگاوێکم بــەبێ دایکــت مــن نــەمناوە لــە ژیــانم دا ، بــەڵکو هــەموو هــەنگاوەکانی ژیــانم لەگــەڵ دایکــت بووە، تــاوەکو لە پــەروەدەکردن و گــەورەکردنی تۆشــدا هــەردووکمان

بەیەکەوە شان بەشانی یەکتردا، تۆمان بەخوێوکردووە، تۆمان گەیاندە ئەم رۆژە کە ئێستا وا لە پێشمان وەستاوی...

-بەهەمان شێوە پیرە دایکەکەی مورتەزایی، بە فرمێسکەوە باوەشێکی توووند بە کورەکەی دەکات و پێی دەڵێت: کورە تاقانەکەم مورتەزایی گیان، ئەو شیرەی منت لێ حەلال بێت کە تۆم پێی گەورە کردوە، قسەکانی باوکت زۆر راستن کورەکەم... مورتەزایی گیان رۆلەکەی دایە ،لەو رۆژەوە کە عەلی کورم ماڵئاوایی لەدایکی خۆی کردوە، هەمووشەوێك دڵم لەت لەت دەبێت بۆی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بوونی تۆ دەبێتە ئازارشکێنێك بۆ سەر دڵە برینەکەی ئەم دایکە پیرەی تۆدا. من ئێستا وەکو دایکێك پێت دەڵێم: خێرا برۆ لەگەڵ خێزانەکەت بۆ سلێمانی ، چوونکە ئەو ئێستا پێویستی بەتۆیە لەم بارودۆخە هەستیارەی دا،کە لە پاش چەندین ساڵ لە بێکەسی و دووری خێزانەکەی، کەچی ئەو لە ئێستا لە پاش ئەو هەموو ساڵەدا توانیویەتی بە خێزانەکەی شادبێتەوە، بۆیە کورەکەم تۆش لەم رۆژەدا دەستی تارای خێزانت بەرمەدەو بەتەنیا جێی مەهێڵە، چوونکە تەنیا دەستەکانی ئەو دەبێت بە هاوتەمەنت و هاوسەفەری ژیانت رۆڵەکەم ، تەماشای من و باوکت بکە چەندین ساڵە دەستمان لەناو دەستی یەکترەو لەهەموو بارودۆخە سەختەکانی ژیان دا، لەگەڵ یەکتردا بووینە بێ ئەوەی بۆ چرکەساتێکیش لێك دابڕێین.بۆیە تۆ نیگەرانی

ئێمـــە مەبـــە، تـــۆ لەهـــەر شـــوێنێکی ئـــەم جیهانـــە بیـــت ، ئـــەوا دڵنیابـــە ڕۆڵەکـــەم کـــە بـــەردەوام لـــەناو دڵـــی دایـــەو بابـــە خـــۆت دەمێنیتەوە... هـــەروەها مورتـــەزایی گیـــان ڕۆڵەکـــەم هـــەرگیز ئـــەو شـــتەش لـــەیاد نەکـــەی، کـــە تـــارای خێزانـــت هـــاو زمـــان و هاونەتـــەوەی ئـــەم دایکـــە پیرەتـــە کـــە ئێســـتا لەبەرامبـــەرت وەســـتاوە، ئێمـــەی کـــورد لـــەو ڕۆژەوە کـــە چـــاوەکانمان کردۆتـــەوە بـــــەردەوام بـــــەڕۆژانی زۆر نـــــاخۆش و ســـــەخت دا تێپـــــەڕیوین، بـــەردەوام لەهەرچـــوارلامانەوە گـــەمارۆ دراویـــن. کـــە تێیـــدا بـــە ئـــارەزووی خۆیـــان دەمـــان چەوســـێننەوە بـــەبێ هـــیچ هۆکارێـــك. هەرچـــەندە کوڕەکـــەم تـــۆ لـــە بنەرەتـــەوە دەچـــیتەوە ســـەرباوکت کـــە کـــوڕە فارســـێکیت، بـــەڵام ئـــەوە لـــەیاد مەکـــە کـــە تۆشـــیری ئـــافرەتێکی کوردتـــت خـــواردوە، کـــە تـــۆی پێگەیاندۆتـــە ئـــەم ڕۆژانە، کە ئەو ئافرەتەش منم ڕۆڵەکەم دایکت...

- بـــاوکی مورتـــەزایی : خێـــرا بـــڕۆ کوڕەکـــەم بگـــە بـــە تـــارای هاوســـەرەت پـــێش ئـــەوەی بڕوات، تـــۆ ئێســـتا واز لـــەم دوو پـــیرە دڵگەرمـــە بێنـــە، ئێمـــە خۆمـــان پشـــت و پـــەنای یـــەکترین. تـــەنها خۆشی تۆمان دەوێت لەهەرشوێنێکی ئەم جیهانە بیت...

***

مورتـــەزایی بـــە قســـەکانی بـــاوك و دایکـــی زۆر کاریگـــەر دەبێـــت، هـــەروەها بەچـــاوی پـــڕ لـــە فرمێســـکەوە باوەشـــێکی توونـــد بـــە دایکـــە

پیرەکـــــەی و باوکــــە پیرەکـــــەی دەکــــات، زۆر بەتوونـــــدی دەیـــــان گووشـــێت. ماڵئاواییەکـــەی مورتـــەزایی لەبەرامبـــەر دایـــك و بـــاوکی دا وەکو ئەوە وابوو کە چیتر نەیان بینێتەوە بۆ جارێکی تر...

-مورتەزایی: دایکە باوکە ، ئێوە تاجی سەرسەرمن ...

-دایـــك و بـــاوکی مورتـــەزایی: خـــوا ئاگـــەدارت بێت، ئێمـــەش شانازیت پێوە دەکەین...

بـــەهۆی کێشـــەیەکی تەکنیکیـــەوە گەشـــتی فڕۆکـــەوانی نێـــوان تـــاران و ســـلێمانی، بـــۆ کاتـــژمێر هەشـــت و نیـــوی بـــەیانی دواخرابـــوو، کـــە خـــۆی لەراســـتیدا دەبوایـــە تـــارا لەگـــەڵ کچـــەکەی لـــە کاتـــژمێر شەشـــی بـــەیانی گەشـــتیان بـــەرەو شـــاری ســـلێمانی بکردبایـــە. ئـــەم دواکـــەوتنی فڕۆکـــەیش بـــۆ مورتـــەزایی ، دەبێتـــە هـــەواڵێکی زۆر خـــۆش ، بـــەهۆی هانـــدانی دایـــك و باوکیـــەوە ، تـــوانی لـــە بڕیارەکـــەی خـــۆی پەشـــیمان ببێتەوە، چـــوونکە لـــە ســـەرەتا نیگـــەران بـــوو لەچـــوونی بـــۆ ســـلێمانی لەگـــەڵ تـــارای هاوســـەری لـــە پێناو دایـــك و باوکی، بـــەڵام بە پێچـــەوانەکەیەوە ،کەچـــی دایـــك و بـــاوکی بوونـــە گـــەورەترین پشـــتیوانی مورتـــەزایی و تـــارا لەم دۆخە سەختەدا ...

(13)

پـــاش ئـــەوەی هیـــوا لەتەلەفۆنەکـــەوە ماڵئـــاوایی لـــە تـــارای خووشـــکی کـــرد، ئیتر هیـــوا ئـــەو شـــەوە هـــیچ خـــەوێکی لەچـــاوەکانی دا نەچـــووبوو، بـــەڵکو تـــەنیا چـــاوەکانی لەســـەر چـــرکەکانی کاتـــژمێر بـــوو، بەهـــەمان شـــێوەی دایـــك و خووشـــکەکەی.هیوا لەچـــاوەڕوانی ئـــەوەدابوو ، کـــە بـــۆ جـــارێکی دیکـــە خـــۆر هـــەڵبیت و بتوانێـــت لەگـــەڵ هەڵاتنی خۆردا بە خووشکەکەی شادبێتەوە...

هیـــوا بـــۆ بەیانیەکەی،دەورووبـــەری کاتـــژمێر هەشـــت و نیـــو بەخەبـــەر دێـــت، کاتێـــك هەڵدەســـتێت دەبینێـــت کاتـــژمێر(هەشـــت و نیـــوی) بەیانیـــە، هیـــوا بـــەبینینی کاتەکـــە زۆر دەشـــڵژێت ، چـــوونکە بـــەلای خۆیـــەوە ، وا هەســـتی دەکـــرد کـــە ئێســـتا خووشـــکەکەی لـــە فرۆکەخانـــەی ســـلێمانی چـــاوەڕێیان دەکـــات، بـــەڵام تـــەنیا پێـــنج خوولـــەکێك پـــێش ئـــەوەی هیـــوا لەخـــەو هەڵســـێتەوە، ئـــەوجا تـــارای خووشـــکی لەگـــەڵ مورتـــەزایی و منداڵەکـــەی ســـەرکەوتبوون بـــەنێو فرۆکـــەدا . بـــەڵام لـــەناکاو هیـــوا بـــەدەنگێکی بـــەرزەوە لـــە ژوورەکـــەی خۆیـــەوە بـــانگی دایکـــی دەکـــات و بـــە دایکـــی دەڵێـــت: دایکـــە بۆچـــی منت زووتر بەخەبەر نەهێناوە؟

-ماڵـــەوەی هیـــوا خـــۆی لـــە رۆژانـــی دیکـــە نیمچـــە کزیـــەکی پێـــوە دیـــار بـــوو، بـــەڵام ئـــە مجارەیان بەتـــەواوەتی کـــش و مـــات بـــوو، چـــوونکە ئـــە مجارەیان دەنگـــی دایکیشـــی نـــەهات لـــەنێو ماڵـــدا، کاتێـــك

هەست دەكات دایكی وەڵامی ناداتەوە ، ئیتر هیوا بەخێرایی بۆ خوارەوە رادەكات و بەرەو ژوورەكەی دایكی دەڕوات، بەڵام دەبینێت دایكی لەسەر تەختەكەی پاڵكەوتوە بۆخۆی ، هەروەكو ئەوە وابێت كە هیچ بیری لای هاتنەوەی كچەكەی نەبێت، هیواش لە دایكی نێزیك دەبێتەوەو پێی دەڵێت: دایكە گیان...دایكە گیان خێرا هەڵسەوە زۆر درەنگە ئێستا خووشكەكەم چاوەڕێمان دەكات لە فڕۆكەخانە ،خێرا بابڕۆین بۆ پێشوازیكردنیان، دایكە گیان هەڵستەوە،ئێستا كاتی خەوتن نیە.

هیچ دەنگ و هەناسەیەك، لەدایكی هیواوە دەرنەهات ،تەنها لەسەر جێگاكەی پاڵكەوتبوو، هیچ جووڵەیەكی لێوە نایەت و هەروەها پرخە پرخەكەی جارانیشی نەمابوو، ئیتر ئەمەش وا لەهیوا دەكات كە بكەوێتە دڵەراوكێوە، لەوەی كە دایكی شتێكی لێ بەسەر هاتبێت، هەربۆیە زوو دەستبەجێ پەیوەندی بۆ بەشی فریاكەوتن دەكات و داوای بەهاناوەچوون لێیان دەكات...

***

كەمتر لە پازدە خوولەك ، تیمێكی فریاكەوتن دەگاتە لای ماڵی هیوا لە گەڕەكی مەڵكەندی، تیمەكە دەستبەجێ دەگەنە لای دایكی هیواو، تاوەكو پشكنینی سەرەتایی بۆ ئەنجام

بـــدەن. بـــەڵام لـــەكاتی پشـــكنینەكەدا، كەچـــی تیمەكـــە بۆیـــان دەردەكـــەوێت دایكـــی هیـــوا زیـــاتر لەچـــەندین كاتـــژمێرە دەبێـــت كـــە ترپـــەكانی دڵـــی لـــە وەســـتان كـــەوتووە ، هەربۆیـــە ناچـــاردەبن بـــــەخێرایی بیگەیننـــــە نەخۆشـــــخانە،بۆئەوەی پشـــــكنینێكی تەواوەتی بۆی ئە نجام بدەن...

هیـــواش كاتێـــك گـــوێ لـــەم قســـەیەی تیمەكـــە دەبێـــت ، بـــەدەم گریانـــەوە هـــاوار دەكـــات و دەڵێـــت: دایكـــە گیـــان ... تكایـــە بـــەجێمان مەهێڵـــە بەســـاقەو بم ، ئێســـتا تـــارا دەگەڕێتـــەوە دایكـــەگیان، تكایـــە زوو هەڵســـتەوە بابڕۆینـــە پێشـــوازیان،ئەی هـــاوار تكایـــە دایكـــە تـــۆش وەكـــو بـــاوكم و نـــەرمین بـــەجێمان مەهێڵە...

دایكـــی هیـــوا لـــە دڵخۆشـــی بیســـتنی هـــەواڵی گەڕانـــەوەی كچـــە گەورەكـــەی. ئـــیتر نـــەیتوانیوە ئـــەو شـــەوە بەرگـــەی ئـــەو خۆشـــیە بگرێـــت. هەربۆیـــە لـــە خۆشـــیە ترپـــەكانی دڵـــی لـــە وەســـتان كەوتبوون.بـــەڵام ئـــیتر كاتێـــك كـــە گەیاندیانـــە نەخۆشـــخانە ، پزیشـــكەكان هـــیچ شـــتێیكان بەدەســـت نـــەدەهات بـــۆ ئـــەوەی رزگـــاری بكـــن، راســـتەوخۆ یـــەكێك لە پزیشـــكەكان بـــە غەمباریـــەوە بـــەهیوا دەڵێـــت: بـــەخۆت خۆشـــبی كـــوڕی گـــەنج نـــەمان تـــوانی هـــیچ شـــتێك بـــۆ دایكت بكەین(بەداخەوە) ..

-هیــوا : نــەخێر، نــەخێر، نــەخێر... ئێــوە درۆم لەگــەڵ دەكــەن دایكــم زینــدووە ، ئــەو دەبێــت ئــەمڕۆ بــە كچــەكەی شــادبێتەوە نابێــت بمرێــت ، هەســتەوە دایكــە گیــان بەتــەنیا بــەجێمان مەهێڵــە .

- پزیشــــك: بەداخــــەوە كــــوڕی خــــۆم خۆزگــــە درۆبایــــە قســــەكانم،بەڵام ئــــەوە راســــتیەكی تاڵــــە بۆتان،دووبــــارە بەخۆتان خۆشبن...

هیــوا : باشــە دایكــە گیــان بۆچــی ئێمــەت بەتــەنیا بــەجێ هێشــت؟ مــن ئێســتاكە چــۆن بــە تــارای خووشــكم بڵــێم كــە لەیــەك كاتــدا دایكمــان و باوكمــان و نــەرمینی خووشــكم هــەموویان مــردوون، ئــەو كچــە چــۆن بەرگــە ئــەم هەمووشــتانە دەگرێــت پــێم بڵــی دایكــە گیــان، بۆچی هیچ وشەیەك ناڵێیت دایكە... دایكە...دایكە...دایكە..

***

ئەوشــەوەی كــە تــارا تەلــەفۆنی بــۆ دایكــی كــرد، لە پاشــان دایكــی پــێش ئــەوەی بــانگی هیــوا بكــات ،راســتەوخۆ وێنەیــەكی هیــوای كــوڕی لــەڕێگای نامــەوە دەنێرێــت بــۆ تــارای كچــی، كەئەمــەش وەكــو ئــەوە وابــوو كــە دایكــی زانبــێتی ئــەو شــەوە بــۆی كۆتــا شــەوە لــــەژیانی دا، هەربۆیــــە ویســــتوویەتی ئــــەم خووشــــك و بــــرا تاقانەیــــە لێــــك دانــــەبڕێن و بتــــوانن بەئاســــانی بەیــــەكتر

شادبینەوە بۆ هەتا هەتایە... هیوا تەماشای کاتژمێری مۆبایلەکەی دەکات ،بەڵام دەبینێت کات زۆر بە خێرایی تێپەڕیوە ، کاتژمێر بۆتە (دە و پازدە خوولەك). ئیتر هیوا ناچاردەبێت نەخۆشخانە بەجێ بهێڵێت و راستەوخۆ بەرەو فڕۆکەخانەی سلێمانی بڕوات.

هیوا لە دڵی خۆیەوە گوتی : باشە ئێستا من چۆن خووشکەکەی خۆم بناسمەوە لە پاش ئەم هەمووساڵەوە ،کەهەرگیز هیچ کاتێك رووخساریم نەمبینیوە؟!

هیوا بە ناچاری دەکەوێتە رێ بۆ فڕۆکەخانە، کەچی ئاگەداری ئەوەنیە دایکی پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات وێنەیەکی بۆ تارای خووشکی ناردوە.

بە رووخسارێکی کزو ماتەوە بۆ خۆی لە نێو هۆڵی فرۆکەخانەکە دانیشتبوو، لەچاوەڕوانی هاتنەوەی خووشکەکەی بوو، بەڵام هیوا دووبارە لەدڵی خۆیەوە دەڵێت: باشە من ئێستا چۆن بە خووشکەکەم بڵێم کە دایکم کۆچی دوایی کردوە،ئای خوایە ئەم هەموو ناخۆشیە چیە؟ بەسەری ئێمەت هێناوە.

بێگومان بەبیستنی ،ئەم هەواڵە هەستێکی ناخۆش دەدات بەتارا کە شەوێك پێش ئەوەی بەرێ بکەوێت بۆ سلێمانی،گوێی

لـــەدەنگی دایکـــی خـــۆی بـــوو، کەچـــی بـــۆ بەیانیەکـــەی دایکـــی تر پـــەکانی دڵـــی لەوەســـتان دەکـــەوێت و بـــۆ هـــەتا هەتایـــە بـــە جێیان دەهێڵێت.

تـــاراش لەگـــەڵ منـــداڵ و هاوســـەرەکەی لـــەناو فرۆکـــەدان ، کـــە چـــرکە بەچـــرکە دەژمێرێـــت بـــۆ دابـــەزینی فڕۆکەکـــەیان لـــەناو فڕۆکەخانـــەی ســـلێمانی. تـــارا جگـــە لـــەوەی بـــیری خێزانەکـــەی کـــردوە، لەلایـــەکی تـــرەوە بـــیری شـــارە جوانەکـــەی خـــۆی کـــردوە، ئـــەو شـــارەی کـــە بەشـــێکی کـــەمی لەتەمـــەنی منـــداڵی خـــۆی تێـــدا بەســـەر بردبـــوو، بـــەڵام هـــیچ کاتێـــك ئـــەو رۆژانـــەی لـــەیاد نـــەکردوە کـــە لەشارەکەی و نیشتمانەکەی خۆی دا بەڕێ کردبوو....

(14)

کاتژمێر یازدەی تەواو بوو، فڕۆکەکەی تارا لە نێو فڕۆکەخانەی سلێمانی نیشتەوە، ئیتر هیواش راستەوخۆ هەستی کرد کە دەنگی فڕۆکەیەك لەنێو فڕۆکەخانەی شارەکەی دەنیشێتەوە، ئیتر ئەویش بەرەو لای بەشی پێشوازی کردن دەڕوات بۆ ئەوەی بەشکەم بتوانێت بیان ناسێتەوە ،بەهەر رێگایەك بێت.

کاتێك تاراو نەرمین و مورتەزایی لە فڕۆکەکە هاتنە خوارەوە، راستەوخۆ نەرمینی کچی بە دایکی دەڵێت: دایکە ئێرە کوێیە؟

- دایکیشی وەڵام دەداتەوە پێی دەلێت : کچەکەم ئێرە سلێمانیە ئەوشارەی کە دایکت تێدا لەدایك بووە. نەرمین دووبارە پرسیار دەکات دەڵێت: باشە دایکە بۆچی هاتووین بۆ ئێرە؟ ئێمەماڵمان لە ئێرانە.

دایکیشی بە پێکەنینەوە دەڵێت: ئای کچەکەم ئەوە کەی پرسیارە تۆی دەیکەیت، ئێمە هاتووین بۆ سەردانی دا پیرەت و باپیرەت و خاڵ و پوورت، نازانی چەندە بیری تۆ دەکەن، بەتایبەتیش خاڵۆت ،ئەو تۆی زۆر خۆش دەوێت...

نەرمین دڵی بەم قسەیەی دایکی خۆش دەبێت و دەڵێت: هێ ... هێ واتە دا پیرە و باپیرەیەکی ترم لە سلێمانی هەیە دایکە؟

- بەڵی کچەکەم، دا پیرەو باپیرەیەکی ترت لەم شارە هەیە.

تارا هێشتا بێ ئاگایە لەوەی کە نە دایکی ماوە نە باوکی نە خووشکەکەی ماوە، تەنانەت برایەکی تاقانەی ماوە ،کە ئەویش بە حەسرەتەوە چاوەڕوانی بینینی خووشکەکەی دەکات.

***

سەرباری ئەوەی کە کچەکەی تارا لە ئێران لەدایك بووە، هەروەها باوکیشی پیاوێکی فارسە، کەچی ئەمە کاریگەری نەکردۆتە سەر ئەوەی کە نەرمینی بچکۆلانە ، لە زمانی کوردی بێبەش بکرێت، بەڵکو دایکی توانیویتی لە پاڵ زمانی فارسیەکەی لەگەڵیشیدا زمانی کوردی بەشێوەیەکی باش فێری کچەکەی بکات، کە هەرچەندە زمانە کوردیەکە زمانی دایکی نەرمینە، هەربۆیە ئەمەش دەبێتە زمانی یەکەمی نەرمینی بچکۆلانە.

***

ئەوکاتەی کە تارا نزیك دەبێتەوە لە هۆڵی پێشوزای فڕۆکەخانە ، راستەوخۆ مۆبایلەکەی دەردەهێنێت و تەماشای

وێنەیەکی هیوای بڕای دەکات ، بۆ ئەوەی بتوانێت لەم جەنجاڵیەدا بیدۆزێتەوە. هەروەها وێنەیەکی دایکیشی لەلابوو، بەڵام وێنەکەی دایکی زۆر کۆن بوو، هی ساڵانی کۆتایی هەشتاکان بوو ، لەکاتی کۆڕەوەکەدا تارا ئەو وێنەیەی دایکی بەدەستەوە بووە تاوەکو ئەمڕۆ پاراستوویەتی بەبەردەوامی.

***

کوڕێکی گەنجی هەژدەساڵان، لەنێو فڕۆکەخانەدا لەبەشی پێشوازیکردنەکەدا بە کزو ماتەوە بۆخۆی دانیشتبوو، کە لەدیار چاوەڕوانی هاتنەوەی خووشکەکەی بوو، کە تەنانەتە بۆ یەکجاریش دەمووچاوی خووشکەکەی خۆی نەبینیوە، جگە لەوەی کە لەوێنەیەکی کۆنی منداڵیدا بینیویەتی و هیچ تر... بەڵام لەناکاو هیوا گوێبیستی دەنگێک دەبێت، کە بانگ دەکرێت لەلایەن کەسێکەوە، بەڵام کاتێک سەری خۆی بڵند دەکات دەبێنێت خێزانێکی سێ کەسین، ئیتر راستەوخۆ هیوا زەردەخەنەیەک دەکەوێتە سەر رووخسارەکانی بە بینینی خووشکەکەی و خووشکەزاکەی.

تارا بە ڕاکردن بەرەو لای هیوا دەڕوات ، پاشان دەستبەجێ بێ هیچ سڵاوکردنێک، هیوا باوەشێکی توند بە خووشکەکەی دەکات و پێی دەڵێت:دادە گیان تۆ لە کوێ بووی ئەم هەموو

ســـاڵە؟ تـــاراش بەگریانـــەوە دەڵێـــت:من ئـــیتر لێـــرەم تاقانەکـــەی داده گیان..

بـــەڵام تاراهەســـت بەنامۆییەکـــە دەکـــات کـــە هیـــوا خـــۆی بەتـــەنیا لێـــرە یە،هەربۆیـــە راســـتەوخۆ تـــارا بـــە هیـــوای بـــرای دەڵێـــت: براکـــەم، ئـــەی دایکـــم و بـــاوکم و نـــەرمینی خووشـــکم لـــەکوێن ؟ ئـــەوان بۆچـــی نەهاتوونەتـــە پێشـــوازیم؟...هیـــواش بەتاســـەوە وەڵـــامی تـــارای خووشـــکی دەداتـــەوەو دەڵێـــت: خووشـــکەکەم شـــتێکت پـــێ دەڵـــێم بـــەڵام تکایـــە بەرگـــە بگـــرەو نەکـــەی لـــەهۆش خـــۆت بچـیتەوە، تکایـــە. تـــاراش بـــە شـــپرزەییەوە بـــە هیـــوای بـــرای دەڵێـــت: چـــی بـــووە براکـــەم ئـــەوان چـیان بەســـەر هـــاتووە؟ شـــتێکم پـــێ بڵـــی بـــۆ خاتری خوا،وەختاکە دڵم لەت لەت بێت.

-باشـــە پێـــت دەڵـــێم خووشـــکم ،لەراســـتیدا بـــا جارێـــك ئێمـــە بـــــرۆین تـــــەرمی دایکمـــــان بـــــەخاك بســـــپێرین، ئەوجاکـــــە، هەمووشتێکت بۆ باس دەکەم لەماڵەوە...

تـــارا : چـــی! ئـــەوە تـــۆ باســـی چـــی دەکـــەیت براکـــەم؟ بـــە خـــاك سـپاردنی چـــی؟ پـــێم بڵـــی دایکـــم کـــەی مـــردوە؟ مـــن دوێـــنی شـــەو قســـەم لەگەڵ کرد...

هیـــوا: راســـتە خووشـــکەم ئـــەم بەیانیـــە ،کـــە هەڵســـتام لەخـــەو چوومە ژوورەکەی بینیم لەسەر جێگاکەی خۆی گیانی سپاردبوو.

تارا لەنێو هۆڵێ فرۆکەخانەدا بەدەنگێکی بڵندەوە هاوارێکی زۆر گەورە دەکات ، کە تەنانەت بەهاوارەکەی چیای ئەزمەری پێهێنایە هەژاندن.

هیوا ئەوەندە شڵەژاو بوو ، لەیادی چوو کە سڵاوێکیش لە زاوەکەیشی بکات. هەروەها نەیتوانی نەرمینی خووشکەزایشی لەباوەش بگرێت،بۆدواجار هەموویان خێرا خۆیان گەیاندە نەخۆشخانەو لەوێ دەستیان کرد بەتەواکردنی مامەڵەی تەرمەکەی دایکیان، تاوەکو دەستبەجێ پاش تەواکردنی مامەڵەکانی نەخۆشخانە راستەوخۆ بەرەو گۆڕستان ببیەن و لەوێوە بەخاکی بسپێرن...

***

پاش تەواو بوونی مامەڵەکانی نەخۆشخانە، کە زیاد لەنیو کاتژمێر پێوەی سەرقاڵ بوون ، بەڵام بۆ دواجار تەرمەکەیان گواستەوە بۆ یەکێك لە مزگەوتەکانی شار. بۆ ئەوەی نوێژێکی مردووی بەسەردا ئەنجام بدەن، لە پاشان لەوێشەوە راستەوخۆ بەرەو گۆرستان بردیان. ئەوەی کە جێگای ناخۆشیە کە چاڵ هەڵکەنەکە دووبارە چاڵێکی تری لە تەنیشتی باوك و خووشکەکەی هیوا و تارا هەڵکەندەوە، کە ئەمجارەیان چاڵەکە بۆ خۆشەویسترین کەسیان بوو کە ئەویش دایکیان بوو...

-تـــارا بـــەبینینی ئـــەو دوو گـــۆڕەی کـــە لەتەنیشـــتی گۆڕەکـــەی دایکیـــەوەن بـــۆ ســـاتێك بـــێ دەنـــگ دەبێـــت و هـــیچ وشـــەیەکی لـــە دەمیـــەوە نایەتـــە دەرەوە ، بـــەڵام لـــەناکاو لـــە پاش چـــەند خوولـــەکێك بـــە هـــاوارێکی بڵنـــدەوە ، دەڵێـــت: ئەمـــە چـــی روودەدات لێرە؟

هیـــواش بەتوونـــدی باوەشـــێك بـــە تـــارای خووشـــکی دەکـــات و هەوڵـــدەدات ئـــارامی بکاتـــەوە لـــەو گێژاویـــەی کـــە تێکەوتـــەوە، پێی دەڵێـــت: تکایـــە دادە گیـــان لەبـــەر خـــاتری کچـــە بچـــووکەت خـــۆت ئـــازار مـــەدە ، تەماشـــای خووشـــکەزاکەم بکـــە بزانـــە چـــۆن دەترسـێت لـــە هەڵســـوکەوتەکانی تـــۆ، بۆیـــە خـــۆت کۆبکـــەوە تکایە،دایکیشـــم ئێســـتا لـــەنێو گـــۆڕدا گـــوێی لـــەتۆ دەبێـــت .لە پاشـــان زۆر هەســـت بەدڵتەنگی دەکات دوایی.

- تـــارا بـــەدەم گریانـــەوە بـــە هیـــوای بـــرای دەڵێـــت: بۆچـــی براکـــەم؟ ئـــەم هـــەموو ناخۆشـــیە بەســـەر ئێمـــەدا هـــاتووە، مـــن ســـاڵانێك لـــە دووری ئێـــوە بـــووم، کەهـــەموو رۆژێـــك وەکـــو زینـــدان بـــوو بـــۆم، کەچـــی ئێســـــتا هـــــیچ کەســـــێك نـــــەماوە لەخێزانەکـــــەم، تەنانـــــەت بۆکۆتـاجـــاریش لەگـــەڵ دایکـــم قســـەمکرد، کەچـــی ئـــەویش بـــەبێ ئاگـــەداری مـــن ئێمـــەی بـــەجێ هێشـــت،تەنانەت ڕانەوەســـتا بـــۆ یـــەکجاریش لەباوەشـــی بگـــرم ،کەچـــی ئێســـتا هـــاتووم خـــۆڵ ئەکـــەم بەسەر گۆڕەکەیدا.

نــــەرمینی بچـــکۆلە،ئیتر ئەوکاتــــە بێــــدەنگی دەشــــکێنێت و دەســــت بــە پرسـیارکردن دەکــات لــەدایکی ،دەڵێــت: دایــە ئــەوە گــۆڕی بابــە گـــەورە و دایـــە گەورەکـــەی منـــە؟ تـــاراش وەڵـــامی نـــەرمینی کچـــی دەداتـــەوە دەڵێـــت: بـــەڵی کچـــەکەم، ئـــەوە گۆڕەکـــەی بابـــە گـــەورەو دایە گەورەتە.

نـــەرمین: باشـــە دایکـــە بۆچـــی ئـــەوان مـــردوون ؟ ئـــەی تـــۆ نـــەتگوت: ئەچـــین بۆلایـــان بـــەڵام ئەوانـــە ئێســـتا هـــەردووکیان لـــەژێر ئـــەم خاکەن، هەروەها هیچ دەنگێکیان نایەت.

-تـــارا باوەشـــێك بەکچـــە بچـــووکەکەی خۆیـــدا دەکـــات و پێـــی دەڵێـــت: کچـــەکەم ، تاقانەکـــەی دایـــە گیـــان ئـــیتر ئەمـــە ژیانـــە دەبێـــت هـــەمووومان رۆژێـــك بێـــت و بمـــرین و بچـــینە ژێـــر ئـــەم خاکـــە تاریکەوە، چـــــوونکە ژیـــــان و مـــــردن بەدەســـــتی خۆمـــــان نیەگیانەکەم...

نـــەرمین کچـــێکی بچـــووك و زۆر بە پرســـیار بـــوو ، دووبـــارە بـــەدایکی دەڵێت:ئـــەی دایکـــە ئـــەو نەرمینـــە کێیـــە؟ کـــە لەناوەڕاســـتی گۆڕەکـــەی دایە گەورەوە بابە گەورەدایە؟

- دایکیشـــی بـــۆ ســـاتێك بـــێ دەنـــگ دەبێـــت و تاســـێك دەییـــات بـــۆ گۆڕەکـــەی خووشـــکی، بەڵام کچـــەکەی هـــەر ســـووورە لە پرســـیارەکەی خۆیـــــدا، بـــــۆ جـــــاری دووەم هـــــەمان پرســـــیار لـــــەدایکی دەکاتەوە، دایکیشـــــی وەڵـــامی دەداتـــەوە دەڵێـــت: کچـــەکەم ئـــەوە

پـــــووره نەرمینەکەتـــــە ، ئـــــەویش بەهـــــەمان شـــێوەی دا پـــــیرەت و باپیرەت ، فریشتەکان هاتن و ئەویان برد بۆخۆیان...

-بەڵام دایکە، ناوی پوورم هەمان ناوی منی هەیە؟

-تـــاراش بەکچـــەکەی دەڵێـــت :بـــەڵی کچـــەکەم ، ئەوکاتـــەی کـــە تـــۆ لـــــەدایك بوویـــــت، مـــــن زۆر بـــــیری خووشـــــکەکەم دەکـــــرد، بـــــەڵام نەمـــــدەزانی کـــــە مـــــردووە، هەربۆیـــــە ئـــــیتر هەســـــتام نـــــاوی تـــــۆم بەناوی پوورتەوە کرد.

***

لـــە پاش بـــە خـــاك ســـپاردنی دایکیـــان و خوێنـــدنی نـــزا بەســـەر هەرســـیٚ گۆڕەکـــەدا، راســـتەوخۆ هـــەموویان گەڕانـــەوە بـــۆ ماڵـــە چـــــۆڵەکەیان ، بـــــەڵام کاتێـــــك تـــــارا پێـــــی نایـــــە ماڵـــــە راســـــتەقینەکەی خـــــۆی، راســـــتەوخۆ بـــــەبۆنی ماڵەکـــــە بوورایـــــە ، چـــــوونکە هەســـــتی دەکـــــرد ماڵەکـــــە بـــــۆنی کەســـــە خۆشەویســـــتەکانی لـــــــەناوی دا دێـــــــت، هەربۆیـــــــە نـــــــەیتوانی بەرگـــــــە بگرێـــــــت. بەتاییـــــەتیش هەســـــتی بـــــەبۆنی دایکـــــی دەکـــــرد لـــــەنێو ماڵەکـــــەدا بـــــەجیٚ مـــــاوە. لـــــە پاش بوورانەوەکـــــەی دا مورتـــــەزایی، تـــــارای هاوســـــەری بـــــردە ژوورەکـــــەی دایکی، لە پاشـــــان لەســـــەر تەختـــــەی خەوتنەکـــەی دایکـــی درێـــژی کـــردەوە بـــۆ ئـــەوەی پشـــوویەك بـــدات و بەهۆشی خۆیدا بێتەوە ...

مورتـــــــەزاییش بـــــــەدیار هاوســـــــەرەکەیەوە ئـــــــەویش بۆخـــــــۆی پاڵکەوتـــــەبوو . ناوبـــــەناوە دەســـــتی دەهێنایـــــە پرچـــــە خاوەکـــــانی

تـــارای خۆشەویســـتی ، بۆئـــەوەی کـــەمێك ئـــارامی بکاتـــەوەو بتوانێت ئەو ئازارەی ناو ناخی دڵی کەم بکاتەوە.

***

هیـــواش بـــۆ یەکـــەم جـــار، لـــە پاش گەڕانـــەوەیان لەســـەر گۆڕســـتان دا،تـــوانی باوەشـــێك بـــە نـــەرمینی خووشـــکەزاکەی بکـــات . هـــەروەها تێـــر ،تێـــر ماچـــی روومەتـــەکانی دەکـــات و پێـــی دەڵێـــت: بـــۆنی پـــوورە نـــــەرمینی رەحمـــــەتیت لـــــێ دێـــــت گیانەکـــــەم، قوربـــــانی خووشکەزاکەی خۆم بم.

نـــەرمینی بچـــکۆلە ، قســـە گـــەورەو زۆرزانەکـــەی خـــاڵۆی بـــوو ، ئـــیتر لەباوەشـــی خـــاڵی دەســـت دەکـــات بە پرســـیار کردنـــەکانی نـــاو مێشـــکی و دەڵێت: باشە خاڵۆ گیان بۆچی پوورم مردوە؟

هیـــواش وەڵـــامی دەداتـــەوە دەڵێـــت: گیانەکـــەی خاڵـــە، پـــوورت لـــە منداڵیـــەوە نەخۆشـــیەکی هـــەبوو، بۆیـــە ئـــیتر نـــەیتوانی زاڵبێـــت بەســـەر نەخۆشـــیەکەی دا ، بـــۆ دواجـــار فریشـــتەکان هـــاتن و ئەویان برد بۆخۆیان...

- نـــەرمین دووبـــارە پرســـیار دەکـــات و دەڵێـــت: باشـــە خاڵـــە پـــوورم کاتێك مرد بۆ کوێ رۆیشت؟

هیـــواش ماچـــێکی نـــەرمینی خووشـــکەزای دەکـــات، دەڵێـــت: قوربـــانی خووشـــــکەزاکەی خـــــۆم بم چـــــەندە بە پرســـــیاری، گیانەکـــــەم فریشـــتەکان هـــاتن و پـــووری تۆیـــان بـــرد بۆشـــوێنێکی زۆر دوور کـــە

هـــیچ کەســـێك نازانێـــت لـــە کوێیـــە ئەوشـــوێنە. تـــەنها ئەوکاتـــەی کـــە دەمـــرین ئـــەوجا دەزانـــین ئـــەو شـــوێنە کوێیـــە، بۆیـــە ئێســـتا نـــازانم گیانەکەم...

نـــەرمین: واتـــە خاڵـــە ئێمـــە دەبێـــت لـــەکۆتایی دا هـــەموومان بمـــرین هەروەکو پوورم و دایە گەورەو بابە گەورەکەم؟

هیـــوا: بـــەڵی گیانەکـــەم هەریەکـــە لـــە ئێمـــە بـــۆ ماوەیـــەکی کـــاتی لەســـەر ئـــەم زەویـــە هەناســـە دەدەیـــن لە پاشـــان ماڵئـــاوایی لـــە یەکتری دەکەین بۆ هەتا هەتایە...

-نـــەرمین زۆر بـــەقوڵی دەچـــێتە نێـــو ئـــەو پرســـیارانەی کـــە لەمێشـــکیەوە هەڵـــدەقوڵێت، بۆیـــە دووبـــارە پرســـیار دەکاتـــەوە ،دەڵێـت: واتە خاڵە جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ ئەم ژیانە؟

هیـــوا: نـــەخێر گیانەکـــەی خاڵـــە، بـــەڵام خۆزگـــە وابوایـــە بۆئـــەوەی جـــارێکی تـــر خۆشەویســـتەکا نمان ببینیابایەوە، بـــەڵام نـــاتوانین بەداخەوە...

نـــەرمین: بـــەڵام خاڵـــە مـــن نامـــەوێت بمـــرم، چـــوونکە خـــەونی زۆر گەورەم هەیە لەژیان دا ئەمەوێت هەموویان ئە نجام بدەم.

هیـــوا: گیانەکـــەم ، مـــردن بەدەســـتی هـــیچ کەسـێکەوە نیـــە، بـــەڵام تـــۆ تـــاوەکو ئەوکاتـــەی بـــەردەوامی لـــە هەناســـەدان لـــە ژیـــان ، بـــەردەوام بـــە لـــە کـــارکردن بـــۆ خەونـــەکانت ، چـــوونکە ئێمـــە هەریەکـــەمان لـــەم ژیانـــە بـــۆ ئاما نجێـــك دەژیـــن، هەربۆیـــە تـــۆش لـــە

ئێستاوە بۆ ئەو شتەت بڕژی کە خۆت ئەتەوێت ،باشە گیانەکەی خاڵۆ.

نەرمین: باشە خاڵە با پیرەم بەچی مردووە؟
هیوا: ئای گیانەکەی خاڵە ،ئەوکاتەی کە گەورەبوویت ، ئەوجا دەزانی با پیرەت بەچی مردوە ،چوونکە ئێستا منداڵی لەهەمووشتێك تێ ناگەیت،بۆیە ئەو پرسیارە بیهێڵە بۆکاتی خۆی، چوونکە کاتی خۆی دێت ئەوکاتە هەردووکمان بە بەباشی دەزانین بەچی مردوە؟...

-باشە با ئێستا وازبێنین لەو پرسیارانە ، ئێستا تۆ بەخاڵی خۆت بڵی بزانم پۆلی چەندی؟
نەرمین: ئەم ساڵ بێتەوە من دەبم بە پۆلی سێی سەرەتایی، هەروەها مامۆستاکان منیان زۆر خۆشدەوێت،چوونکە لەهەموو کچەکان زیرەکم...
هیوا :هەربڕژی خووشکەزاکەی خۆم، بێگومان تۆ زیرەکی ،چوونکە ئێمەی کورد هەمیشە زیرەکین،بەڵام بەداخەوە کە چارەنووسمان زۆر تەمبەڵە، باشە پێم بڵی چۆن و کێ فێری زمانی کوردی کردویت؟

پرسیارەکەی هیوا بۆ نەرمینی خووشکەزاکەی کەمێك نامۆ بوو!...

نەرمین: کوردی زمانی دایکمە خاڵۆ ، هەروەها دا پیرەکەی ترم لە ئێران ئەویش کوردە ، هەروەها زۆریشم خۆشدەوێت دا پیرەکەی ئێران، ئەویش منی خۆش دەوێت...

هیوا: باشە گیانەکەی خاڵە کام زمان بەلای تۆوە شیرینە؟ یان کام زمانت خۆشدەوێت (کوردی یان فارسیەکە)

نەرمین: ئم...ئم...ئم، بێگومان زمانی کوردیم خۆش دەوێت، چوونکە ئەوە زمانی دایکە جوانەکەمە لەگەڵ دا پیرەکەی ئێرانیشم ، هەروەها کەمێکیش زمانی فارسیشم خۆشدەوێت چوونکە ئەوەش هی باوکمە و لەگەڵ با پیرە حەسەنەکەی ئێرانم.

هیوا: زۆرچاکە ، ئەی باشە سلێمانیت بەلاوە خۆشە یان ئێران؟

نەرمین:دووبارە ،ئم،ئم،ئم.... سلێمانین خۆشدەوێت خاڵە، چوونکە سلێمانی شاری دایکە جوانەکەمە...

هیوا: زۆرباشە گیانەی خاڵۆ، تۆ ئێستا برۆ لە ژوورەکەی من بۆخۆت پشوویەك بدەو ، لە پاشان کە هەستایتەوە لە خەو من

ئەوبــــەم پیاســــەیەکت پـــێ ئەکــــەم بــــەناو هــــەمووو ســــلێمانی دا، لە پاشانیش دۆندرمەیەکی خۆشت بۆ دەکڕم...

نەرمین : هێ ... هێ هەربژی خاڵە جوانەکەی خۆم.

***

پــــاش ئــــەوەی کــــە تــــارا بــــە هۆشــــی خــــۆی هاتەوە، مورتــــەزایی بــــە تــــارای هاوســــەری دەڵێــــت: گیانەکــــەم وابــــزانم ئــــیتر ئێمــــە هــــیچ کارێکمــــان لێــــرە نــــەماوە، بۆیــــە پێویســــتە بڕۆینــــەوە بــــۆ وڵاتەکــــەی خۆمــــان، تــــارا بــــە رووخســــارێکی پــــڕ لــــە تــــوڕەیی بــــە مورتــــەزایی دەڵێــــت: نــــەخێر مورتــــەزایی هــــەرگیز، ئــــیتر نیشــــتمانی مــــن و کچــــەکەم ئێرەیــــە (ســــلێمانیە) کوردســــتانەکەم، ئەگــــەر ئــــارەزووی دەکــــەیت تــــۆ ئــــەتوانی بۆخــــۆت بگەڕێیتــــەوە بــــۆ ئێــــران و نیشتمانەکەی خۆت، چوونکە من چیتر ناگەڕێمەوە بۆ ئێران.

ئــــەو هــــەموو ســــاڵەم لــــە دووری خــــاك و نیشــــتمان و خێزانەکــــەم تێپەڕانــــد، هەربۆیــــە مــــن و کچــــەکەم لــــەم ماڵــــە دەمێنینــــەوە لەگــــەڵ هیــــوای بــــرام، هــــەروەها بــــرا تاقانەکــــەم جگــــە لــــەمن هــــیچ کەســــێکی نــــەماوە کــــە دڵــــی پــــێ خۆشــــبێت ، بۆیــــە مــــن لــــەم کاتــــە چــــۆن دەتــــوانم براکــــەی خــــۆم بــــەجێ بهــــێڵم و لەگــــەڵ تــــۆ بــــێم بــــۆ ئێــــران مورتەزایی؟..

مورتـــەزایی هەناســـەیەکی قـــوڵ هەڵدەمـــژێت و بـــە تـــارای هاوســـەری دەڵێت:باشـــە گیانەکـــەم تـــۆ چـــۆنت دەوێـــت بـــا بـــەدڵی تـــۆ بێـــت، مـــادام وایـــە ، مـــن ســـبەی دەڕۆم مامەڵـــەکانمان تـــەواو دەکـــەم ، لە پاشـــانیش منـــیش لێـــرە دەمێنمـــەوە لەگـــەڵ هاوســـەرە جوانەکـــەم و کچەکەم...

تـــارا : سوو پاســـت دەکـــەم مورتـــەزایی گیـــان، خۆشەویســـتەکەم ، کـــە تـــۆ لـــەم رۆژانـــە بـــۆمن بوویـــت بـــە پشـــت و پـــەنام... زۆرم خۆشدەوێیت موررتەزایی.

مورتـــەزایی : تاراکـــەی مـــن ئـــەی هاوســـەرە تاقانەکـــەم ، ئەگـــەر لـــە رۆژێکـــی وەکـــو ئـــەمڕۆ مـــن لەگـــەڵت نـــەبم، ئـــیتر دەبێـــت کـــەی لەگـــەڵت بم؟ دڵنیابـــە هـــەتا کۆتـــایی تەمـــەنم لەگـــەڵت دا دەبم ، هـــیچ کاتێـــك بەتـــەنیا بـــەجێت نـــاهێڵم،منیش تـــۆم خۆشـــەوێت تاراکەم...

بـــەم شـــێوەیە تـــارا و مورتـــەزایی بڕیاریـــان دا کـــە لەســـلێمانی بمێننـــەوەو هـــەر لـــەم شـــارەدا درێـــژە بـــەکاری پزیشـــکیەکەیان بـــدەن ، کـــە توانیـــان نۆرینگەیـــەکی پزیشـــکی تاییـــەت بـــەخۆیان دا بکەنـــەوەو بـــەردەوام بـــن لەکارەکـــەی خۆیـــان دا ، هـــەروەها ئـــەو خانوویـــەی کـــە کەســـاڵانێك وەکـــو کـــرێ دایـــك و براکـــەی تێـــدابوون ،توانیـــان ئـــەویش بکڕنـــەوە بـــۆ دواجـــار بـــووە مـــوڵکی خۆیـــان.

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا نـــەرمینی بچـــکۆلە لـــە یـــەکێك لەقوتا بخانـــە باشەکانی شاری سلێمانی ناویان تۆمارکرد...

بۆدواجـــاریش هیـــواش لـــە زانکـــۆی شـــارەکەی دا تـــوانی دســـت بکاتـــەوە بەخوێنـــدن لـــە بەشـــی مێـــژوودا ، چـــوونکە هیـــوا لـــە منداڵیـــەوە ئـــارەزووی لـــە ، کتێبـــە مێژوویـــەکانی نێـــو کتێبخانەکـــەی بـــاوکی بـــۆ درووســـت ببـــووو. هەربۆیـــە بـــۆ دواجـــار ئـــەو ئارەزوویـــەی بـــەدی هـــات کـــە تـــوانی لەبەشـــی مێـــژوو وەربگیرێـــت، تـــاوەکو لـــە داهـــاتوودا ، هیـــوا بتوانێـــت لـــەرێگای بەشـــەکەیەوە، نـــاوی هـــەزاران پەپوولـــەی باڵشـــکاوی نیشـــتمانەکەی لـــە لا پـــەڕەکانی مێـــژوودا تۆماربکات،کـــە لـــە ســـەرەتادا بـــەتۆمارکردنی نـــاوی خـــۆیی و تـــارای خووشکی دەست پێ دەکات..

بەرهەمەکانی نووسەر:

1. **ڕۆژێکم لەگەڵ ئازارەکانی کچێک**...(**کۆمەڵە چیرۆک**)

2. **پەپوولە باڵشکاوەکان**...(**نۆڤلێت**)